

## سەردانی سەرکەوتووی سەرۆکی کـ

# شکۆی هەرێمی کوردستان بوو لەبـ

پێشوازی گەرمی بەرێز ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری ئیسلامی ئێران و پێشوازی بەرێز هاشمی رەفسنجانی سەرۆکی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام و پێشوازی بەرێز عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران و پێشوازی مەنوچەهر موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران لەبەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان رەنگدانەوەی پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەو ستراتیژ و دبلۆماتییە سەرکەوتوویە کە سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پیادەکردنی سیاسەتی دۆستایەتی باش لەگەڵ دراوسێکان و پەرەپێدانی بەرژەوەندە هاوبەشەکان لەسەر بنەمای رێزی هاوبەش پیادەدەکرێت.

ئەم سەردانە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان ستراتیژیەتی خۆی دادەرێژێت و لەپیادەکردنی ئەو سیاسەت و ستراتیژەشدا سەربەخۆیەو کاریگەری هیچ لایەکی بەسەرەوە نییە و، راستە ئێستا ئەمەریکا لە عێراقدا بوونی هەیە، بەڵام کۆماری ئیسلامی دراوسێیەکی گرنگی هەرێمی کوردستانەو لەگەڵ هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکی نییە، پەیوەندی دۆستانەی



## ـوردستان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران

# ـازنەی دبلۆماتییەکی سەرکەوتوودا

نێوان هەولێرو تارانیش بێجگە لەوە لەبەرژەوەندی هەردولادایە لە هەمانکاتدا بە فاکتەرێکی ئیجابیش بۆ سەقامگیری ناوچەکەش لە قەڵەمدەرێت.

ئامانجی سەرەکی سەرۆك بارزانی لەهەر دیدار و سەردانێکیدا بەتایبەتی بۆ دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان و عێراقیش ئەوەیە کە لە پەیامی ئاشتیانەو دۆستانەی هەرێمی کوردستان تێبگەن و دەیەوێت لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانیش لەوە تێبگەن کە هەرێمی کوردستان ئێستا لە قۆناخی بونیادنانەوەو سڕینەوەی شەڕو کاولکاری دەیان ساڵەیە و بڕوای بەوەیە، کە هەنگاوی هەرەگرنگ ئەوەیە کە پەیوەندیەکی پتەو لەسەر ئاستی ئابووری بازرگانی و سیاسیی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و ڕێزی هاوبەش لە نێوان هەرێمی کوردستان و سەرجەم دەوڵەتە دراوسێکان هەبێت.

سەرۆك بارزانی هەوڵدەدا بەو ئاراستەیە پەرە بە پەیوەندییە ئیقلیمیەکان بدات، بەوەی ئەم هەرێمە هەرێمێکی تێکەڵاوە، ناکرێت کوردستان لەگەڵ دراوسیکانی ناتەبابێت، لەبەرئەوەی ناسەقامگیری هەر لایەك کاردانەوەی سلبی لەسەر لایەنەکەی دیکە دەبێت.



**پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەولێرو تارانیش بێجگە لەوە لەبەرژەوەندی هەردولادایە لە هەمانکاتدا بە فاکتەرێکی ئیجابیش بۆ سەقامگیری ناوچەکەش لە قەڵەمدەدرێت**

لەلایەکی دیکە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتی فرە ئایین و فرەنەتەوەن وئەم دەوڵەتانە بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەتانی کۆلۆنیالی دروستکراون، رەچاوی خواستی نەتەوەیی نەکراوە، هەربۆیە بێجگە لەپەیوەندی بازرگانی و سیاسیی کە لە نێوان حکومەتەکاندا بەریوەدەچێت، پیوەندیکی کەلتووری و کۆمەڵایەتیش لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێشدا هەیە.

لایەنێکی دیکە واقعبینی سیاسەت و دبلۆماتییەتی سەرۆکی کوردستان لەوەدا رەنگدەداتەوە، کە جوگرافیای ناوچەکە ناگۆرێت، ئێمە پێمان خۆش بێت یان پێمان ناخۆش بێت دەبێت دراوسێکانی خۆمان قبوڵ بێت و دەبێت بەرامبەریش لەو راستییە تێبگات و ئەوەی قبوڵ بێت کە هەرێمی کوردستان دراوسێیانە، لەم دیدە واقیعییەوە پێویستە هەردوولا بە دوای خاڵەهاوبەشەکاندا بگەرێن و هەوڵبدەن ئەم دراوسێیەتییە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندی هاوبەش و پەرەپێدانی هەردوولا.

**سەرۆک بارزانی هەوڵدەدا بەو ئاراستەیە پەرە بە پەیوەندییە ئیقلیمیەکان بدات، بەوەی ئەم هەرێمە هەرێمێکی تێکەڵاوە، ناکرێت کوردستان لەگەڵ دراوسیکانی ناتەبابێت، لەبەرئەوەی ناسەقامگیری هەر لایەک کاردانەوەی سلبی لەسەر لایەنەکەی دیکە دەبێت**

ئەمرۆ لە هەموو کاتێك زیاتر هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاتنی کۆمپانیاو وەبەرهێنی بیانی هەیە بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و لە پرۆسەی بونیادنانەوەدا بەشداربن، ئەگەر دەوڵەتانی دراوسێی هەرێم بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئەو ئامادەباشیەیان تێدابێت، ئەوا هەرێمی کوردستان بەوپەری خۆشحاڵییەوە ئامادەباشی تێدایە پێشوازیان لێبکات و بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و سەرمایەکانیان وەگەڕ بخەن، ئەم رێگەیە کە ئێستا لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا پیادەدەکرێت بێجگە لەوەی بۆتە هۆکاری ئەوەی تەکامولێکی ئابووری لەسەر ئاستی ئیقلیمی دروست بکات، تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەموویان لە ناو یەکێتیکدا کۆبکاتەوە و هەموویان یەك جۆر دراو بەکاربهێنن، تەنانەت مەرجی بە ئەندابوونیشیان لەو یەکێتییەدا بەستۆتەوە بە ئاستی بەرزی ئابووری و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و بروا بوون بە دیالۆگ و لێبوردەیی.

سەرکەوتنی هەنگاوەکانی یەکێتی ئەوروپا چەندین گروپ و یەکێتی دیکەی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان دروستکردووە، وەك گروپی دەریای کاریبی و دەوڵەتانی ئاسیان ( دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا ) چەندین ناوچەی دیکەش.

**ئێران سوودی لە مێژووی خۆی وەرگرتووە**

ئێران وەك دەوڵەتێکی گەورە لە ناوچەکە لە روانگەی مێژووییەوە بە دیبلۆماتییەتی هێمن و هەوڵدان بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لەگەڵ دراوسێکانی دەناسرێتەوە، شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێرانیش، ئەو شەرە بوو کە لەلایەن رژێمی سەدام حوسێنەوە بەسەر ئێراندا سەپێنرا، ئەگەر نا وەك بەڵگە مێژووییەکان ئاماژەی پێدەگەن لە مێژووی هاوچەرخدا هەرگیز ئێران هەوڵینەداوە هێرش بکاتە سەر دراوسێیەکی یان داگیری بکات.

ئەم دیبلۆماتییەتەی ئێرانیش ئێستاش کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەریوەدەبرێت، بە درێژایی نزیکەی ٣٠ ساڵی رابردوو ئەو راستییەی سەلماند کە ئێران هەرەشەی راستەوخۆ

ئێران وەک دەوڵەتێکی گەورە لە ناوچەکە لە روانگەی مێژووییەوە بە دیبلۆماتییەتی هێمن و هەوڵدان بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لەگەڵ دراوسێکانی دەناسرێتەوە

پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ دەسپێکی سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی لە ئێراندا، راستە پەیوەندییەکان هەڵکشان وداکشانیان بەخۆوە بینیوە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پەیوەندییەکان بپچرێن و نەمێنن

کۆمپانیاکانی ئێران ئەزموونێکی باشیان لە دروستکردنی ئاپارتمان و رێگەو بان و دروستکردنی تونێل هەیە و ئەمڕۆش کوردستان بۆتە وەرشەیەک بۆ کارکردن و پێویستی بەکۆمپانیاو سەرمایەگوزاری ئێرانی هەیە بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و سەرمایەکانی خۆیان بەگەڕ بخەن



نییە بۆ سەر دەوربەری هەربۆیەشە ئەمەریکا کە هەموو تواناکانی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەکی ئیقلیمی ٦+٢ لە دژی ئێران دروست بکات بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت بۆی دروست نەکراوە و شەش دەوڵەتەکەی کەنداو بە سعودیەشەوە هەموو پێکەوە ناگەنە بۆچوونێکی هاوبەش کە کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشەو دوژمنی هاوبەشی خۆیان بزانن.

کۆماری ئیسلامی لە سیاسەت و دیبلۆماتییەتیشی بەرامبەر بەعێراق لەگەڵ ئەوەی ئێستا ئەمەریکا لە عێراق بوونی هەیە و سیاسەتی ئەمەریکا لەسەر حکومەتی عێراق کاردانەوەو کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی دیبلۆماتییەتێکی هێمن پیادەدەکات، حکومەتی عێراق ئامادەیە پێشوازی لە ئەحمەدی نەژاد بکات و، ئەحمەد نەژادیش جیا لە سەرۆکەکانی دیکەی دراوسێی عێراق لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا بەرنامەی سەردانەکەی بەو جۆرە داڕشتبوو کە بێجگە لە بەغدا سەردانی نەجەف و هەولێریش بکات، بەڵام وەك ئەو کات ئاماژەیان پێکرد سەرۆك ئەحمەد نەژاد لەبەر چەند هۆکارێك نەیتوانیوە لەبەغدا زیاتر سەردانی هیچ شوێنێکی دیکە بکات.

## هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران

پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ دەسپێکی سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی لە ئێراندا، راستە پەیوەندییەکان هەڵکشان وداکشانیان بەخۆوە بینیوە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پەیوەندییەکان بپچرێن و نەمێنن، ئەم بەردەوامییە مێژووییەکی هاوبەشی بۆ هەردوولا دروستکردووە، هەربۆیەشە لێکتێگەیشتنی نیوان هەردولای ئاسانتر کردووە.

هەروەها پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەولێرو تاران دەرگا واڵا دەکات بۆ:

*پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان، بەتایبەتی کە ئێران لە توانایدا هەیە بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان پڕبکاتەوە.

* ئێران دەتوانێت بەرێگەی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی کاریگەر لەسەر ئاستی ئابووری و بازرگانی عێراقیش بگێرێت، بەئاسانی کەلوپەلەکانی ئێران بگەنە بازاڕەکانی کوردستان و عێراق.

* کۆمپانیاکانی ئێران ئەزموونێکی باشیان لە دروستکردنی ئاپارتمان و رێگەو بان و دروستکردنی تونێل هەیە و ئەمڕۆش کوردستان بۆتە وەرشەیەك بۆ کارکردن و پێویستی بەکۆمپانیاو سەرمایەگوزاری ئێرانی هەیە بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و سەرمایەکانی خۆیان بەگەڕ بخەن.

* ئێران بەم هەنگاوەی دەتوانێت پێش دراوسێکانی عێراق بکەوێت و رۆڵێکی کاریگەرتر بگێڕێت.

بۆ زیاتر بە دواداچوونی ئەم پرسەو زیاتر قسەکردن لەسەر دیبلۆماتییەتی سەرکەوتوو و هەروەها رۆڵی دەوڵەتان لە سەقامگیری ئیقلیمی و جیهانیدا چەند شارەزایەك بەشداریان کردووین کە ئەمە بۆ چونەکانیانە.

پرۆفیسۆر تۆماس ماتئایەر یەكێكە لە توێژانی ئامۆژگای ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر(سیاسەتی ئەمەریكا، پەیوەندی نێوان عەرەب و ئەمەریكا،عێراق و و ئێران و هەرشەش دەوڵەتە عەرەبییەكەی كەنداو، ئیسرائیل وفەلەستین و سوریاو لوبنان )ماتئایەر زۆر بەوردی لەسەر سیاسەتی ئەمەریكا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و ئێران رادەوەستێت، هەر بۆیە بۆچوون و لێدوانەكانی لەسەر ئاستی میدیاكانی جیهان بەبایەخەوە سەیر دەكریت، بۆ زیاتر بەدواداچوون لەسەر پەیوەندییە ئیقلیمییەكانی هەرێمی كوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی ماتئایەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.

### تۆماس ماتئایەر:

# ئەوەی ئێوە خوازیاری ئەوەن پەیوەندییەكان لەگەڵ ئێراندا بەرەوپێشەوە ببەن، بەڵام ناتانەوێت ئێران دەستێوەردان لە كاروباری ناوخۆی ئێوە بكات

**ئێران دەوڵەتێكی دراوسێیە و ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت و ئەگەر ئێران گۆشەگیر بكرێت و سزا بدرێت ئەوا دەتوانێت كاردانەوەی هەبێت و زیان بە دەوڵەتە دراوسێكان بگەیەنێت**

*** سەردانی بەرێز مسعود بارزانی بۆ ئێران بە بەرەوپێشەوەچوونی پەیوەندییەكانی نێوان كوردستان و كۆماری ئیسلامی ئێران دەخوێنرێتەوە حاڵی ئایا چۆن لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەكانی كوردستان دەڕوانیت لە گەڵ ئێراندا، ئەمە لە كاتێكدا كوردستان هاوپەیمانی ئەمەریكا و ئەمەریكاش دژی ئێرانە؟**

- من پێم وایە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا یارمەتی كوردەكانی داوە لە بەدەستهێنان ئەو ئۆتۆنۆمیەی هەیانە، هەروەها ئەمەریكا لە رێی دروستكردنی ناوچەی دژە فڕینەوە كوردستان پاراست و لە ساڵی ٢٠٠٣دا كوردستانی ئازاد كرد، ئەگەرچی من پشتگیریم لەم شەڕە نەكرد. بەڵام لە لایەكی دیكەوە ئێران دەوڵەتێكی دراوسێیە و ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت و ئەگەر ئێران گۆشەگیر بكرێت و سزا بدرێت ئەوا دەتوانێت كاردانەوەی هەبێت و زیان بە دەوڵەتە دراوسێكان بگەیەنێت، بۆ نموونە ئێران دەتوانێت پشتگیری لە گروپە كوردیەكان بكات بۆ ئەوەی روبەڕوی توركیا ببنەوە و ئەو كاتەش توركیا نەك هەر هێرشی ئاسمانی دەكاتە سەر كوردستان، بەڵكو لەشكركێشیش دەكات، كەواتە سەرەڕای ئەوەی ئێوە خوازیاری ئەوەن پەیوەندییەكان لە گەڵ ئێراند بەرەوپێشەوە ببەن، بەڵام ناتانەوێت ئێران دەستێوەردان لە كاروباری ناوخۆی ئێوە بكات. من خۆم پشتگیری لە ئەنجامدانی گفتوگۆ دەكەم لە نێوان ئەمەریكا و ئێراندا و پێم وایە دەتوانن لە رێیەوە جیاوازیەكانیان چارەسەربكەن. ئەگەر من لە جێی عێراق و كوردستان بومایە داوام دەكرد ئەمەریكا دەست بە دانوستاندن بكات لە گەڵ ئێراندا



***ئایا تا چ ئاستێك پەیوەندییە نێودەڵەتی و ناوچەییەكان پێكەوە پەیوستن، لە كاتێكدا وڵاتێكی دیاری كراو تەنها لە سەر ئاستی ناوچەی ئامادەی هەبێت نەك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؟**

- دەبێت ئێوە هاوسەنگیەك رابگرن، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەتا

ئێستا پشت بە هێزی سەربازی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەبەستێت بۆ دابینکردنی ئاسایش لە ناو عێراقدا، لە ماوەی رابردودا رەوشی ئاسایش بەرەوپێشچوونی بە خۆوە بینیوە، بەڵام من دڵنیانیم لەوەی ئەم بەرەوپێشچونە درێژە دەکێشێت لەبەر ئەوەی بۆی هەیە دابەشبوونە ئیتنی و تائیفییەکان لە هەر کاتێکدا سەربکێشن بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی، هەروەها من دڵنیانیم لەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق وەك پێویست مەشقیان پێکراوە بۆ ئەوەی روبەڕوی تەقینەوەیەکی دیکەی توندووتیژی ببنەوە لە عێراقدا بێ پشت بەستن بە هێزەکانی ئەمەریکا، هەرچەندە ئەوە روونە کە دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا لە ماوەیەکی دیاری کراودا لە عێراق بکشێنەوە، مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆ ماوەیەکی دوروودرێژ نە لە بەرژەوەندی عێراق و نە لە بەرژەوەندی ئەمەریکایە. عێراقیش خوازیاری ئەوەیە ئەم هێزانە پاشەکشە بکەن، بە هەمان شێوە ئێرانیش. لە ماوەی رابردودا ئێران دوو گەمەی لە عێراقدا کردووە، یەکەمیان بریتی بووە لە پشتگیری کردن لە پرۆسە دیموکراتییەکە لەبەر ئەوەی دەرفەتی ئەوەی رەخساند کە شیعەکان دەسەڵات بگرنە دەست و کوردەکانیش ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنن. لە لایەکی دیکەوە پێدەچێت ئێران پشتگیری لە هەندێ لە گروپە چەکدارەکان کردبێت بۆ ئەوەی شەڕ لە گەڵ هێزەکانی ئەمەریکادا بکەن، لەمەشدا هۆکاری خۆی هەبووە، لە لایەك پەیوەندیگەلێکی خراپی لە گەڵ ئەمەریکا هەبووە و لە لایەکی دیکەوە نیگەرانی ئەوەبووە کە ئەمەریکا کردەوەیەکی سەربازی دژی ئێران دەگرێتەبەر، واتە ئێران هەوڵیدا بیسەلمێنێت کە ئامرازگەلێکی خۆی هەیە بۆ زیانگەیاندن بە ئەمەریکا. باشترە ئێران رۆڵێکی بەرپرسیارانە ببینێت، کە پێدەچێت ئێران دەستی کردووە بە بینینی ئەم رۆڵە، لەبەر ئەوەی پێدەچێت هەڵسابێت بە هاندانی هەندێ لە گروپە چەکدارەکان بۆ ئەوەی چیتر شەڕی ئەمەریکا نەکەن، ئەمەش بەرەوپێشچونێکی ئیجابیە و کاریگەری هەبووە لە سەر کەم بونەوەی توندووتیژی لە ماوەی ساڵی رابردودا. بەڵام هێشتا ئەمەریکا لە رەفتارەکانی ئێران نارازیە لە عێراقدا، لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا نیگەرانە لە بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران و پشتگیری ئەم وڵاتە بۆ حزبوڵڵا و ئەو لایەنە فەلەستینیانەی پرۆسەی ئاشتی رەت دەکەنەوە. لەبەر ئەوە دەبێت عێراق هاوسەنگیەك بدۆزێتەوە و پەرە پەیوەندییەکانی بدات لە گەڵ ئێراندا، لەبەر ئەوەی ئێران دەوڵەتێکی دراوسێیە، ئەگەرچی پەیوەندییەکانی باش نییە لە گەڵ ئەمەریکادا.

*** تورکیا هاوپەیمانی ئەمەریکایە و ئەندامی رێکخراوی ناتۆیە، هەروەها تورکیا لە دوای روخانی رژێمی سەددام حوسێنەوە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان ئەکات و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش کاری پێویستی نەکردووە بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەڕەشانە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەم هاوسەنگیە بپارێزێت لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لە هەموو رویەکەوە لە تورکیا لاوازترە؟**

- دەبێت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هاوسەنگیەك رابگرێت لەبەر ئەوەی تورکیاش ئەندامی ناتۆیە و هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمەریکایە. تورکیا روبەڕوی چەکدارە کوردەکان بۆتەوە لە باشوری رۆژهەڵاتدا کە چالاکن و هەڵدەستن بە کوشتنی سەربازە تورکەکان و پێدەچێت خاکی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنن بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزی پێویستی نییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە سنوریانە. رەنگە تورکیا بە نارەوا گلەیی لە هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام تورکیا خوازیاری ئەوە نییە کە لە لایەن کوردستانی عێراقەوە پشتگیری لەم چەکدارانە بکرێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەو هێرشە ئاسمانییە بەردەوامانە دەبینین لە لایەن هێزە ئاسمانییەکانی تورکیاوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لە داگیرکردنێکی زەمینی کوردستانی عێراق نەکردووە لە لایەن تورکیاوە و داوای لە تورکیا کردووە کە هێزە زەمینییەکانی نەنێرێت بۆ ناو کوردستانی عێراق، کەواتە کوردستان بە لای کەمەوە تا ئەو رادەیە پشتگیری ئەمەریکای بەدەست هێناوە.

*** کوردستان وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیع وایە و پەیوەندی سەربەخۆی هەیە لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا، ئایا خوێندنەوەی ئێوە چییە لەم روەوە؟**

- من پێم وایە زەحمەتە بۆ کوردەکان ئەو مامەڵە خراپە لە بیربکەن کە لە گەڵیاندا کراوە بە تایبەتی لە لایەن حکومەتە عێراقییەکانەوە، لەبەر ئەوە کارێك باش دەکەن کاتێك رۆڵێکی بەرپرسیارانە دەبینن و هەوڵی بەدەست هێنانی ئەو رادەیە لە ئۆتۆنۆمی دەدەن کە مومکینە، یاخود تا ئەو رادەیەی دەکرێت بەشداری لە حکومەتی مەرکەزیدا دەکەن، لەم رووەوە من بە ئیعجابەوە لە کوردەکان دەڕوانم. هەندێ کەس رەخنە لە کوردستان دەگرن لەبەر ئەوەی گرێبەستی نەوتی لە گەڵ کۆمپانیا ئەمەریکیەکاندا ئیمزا کردووە پێش ئەوەی یاسای نەوت و گاز دەرچێت، بەڵام من هیچ حوکمێك لەسەر ئەوە نادەم. من پێم وایە رۆڵێکی بەرپرسیارانە لە لایەن کوردەکانەوە ئەوەیە درێژە بەم رەوتی کارە بدەن و من پشتگیری لەوە ناکەم جاڕی سەربەخۆی بوونی کوردستانی عێراق بدرێت. من رێز لەوە دەگرم کە کوردەکان گروپێکی ئیتنی جیاوازن و مێژ و ئامانجی خۆیان هەیە، بەڵام جاڕدانی سەربەخۆی دەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە، بە تایبەتی بە هۆی کاردانەوە و دەستێوەردانەکانی تورکیا و ئێرانەوە. لەبەر ئەوە باشترین رێگا پاراستنی ئەم ئۆتۆنۆمیە و بەڕێوبردنی کاروبارەکانی خۆتان بە شێوەیەکی سەربەخۆ تا ئەو رادەیەی دەکرێت، نەك جیابونەوە لە عێراق، لەبەر ئەوەی ئەمە لە بەرژەوەندی سەقامگیری ناوچەکەدا نییە. بەڵام ئێوە وەك هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی سەربەخۆ دەتوانن گفتوگۆ لە گەڵ ئێران و تورکیادا بکەن لە بارەی ئەوەی چۆن بتوانن بە شێوەیەکی باشتر مامەڵە لە گەڵ کەمینەی کوردەکان بکەن لە وڵاتەکانیاندا، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری و پەروەردەی باشتریان بۆ دابین بکەن و هەوڵ بدەن کە قەناعەت بە کوردەکان ئەو وڵاتانە بکەن بۆ ئەوەی پەنا بۆ توندووتیژی نەبەن، ئەگەر پرسیاری ئەوەم لێدەکەیت چۆن کوردەکان دەتوانن بەشداربن لە چەسپاندنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا ئەوا ئەمە وەڵامەکەی منە کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد.

●●●

**پشتگیری لە ئەنجامدانی گفتوگۆ دەکەم لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا و پێم وایە دەتوانن لە رێیەوە جیاوازیەکانیان چارەسەربکەن. ئەگەر من لە جێی عێراق و کوردستان بومایە داوام دەکرد ئەمەریکا دەست بە دانوستاندن بکات لەگەڵ ئێراندا**

●●●

●●●

**پێدەچێت ئێران پشتگیری لە هەندێ لە گروپە چەکدارەکان کردبێت بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکادا بکەن، لەمەشدا هۆکاری خۆی هەبووە، لە لایەك پەیوەندیگەلێکی خراپی لە گەڵ ئەمەریکا هەبووە و لە لایەکی دیکەوە نیگەرانی ئەوەبووە کە ئەمەریکا کردەوەیەکی سەربازی دژی ئێران دەگرێتەبەر**

●●●

ئیدوارد وۆلکەر ئەو ناوە دیارەیە لەنێوەندە ئەکادیمییەکانی ئەمەریکا کە لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، واڵکەر بەیەکیك لە شارەزایانی سیاسەتی سۆڤیەتی پێشوو دەناسرایەوە، بەڵام دوای نەمانی یەکێتی سۆڤیەت ئەو پسپۆڕەیە کە بە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کیشە ئیتنییەکان و چارەسەری فیدرالیزم دەناسرێتەوە، واڵکەر لە دۆسێی عێراقیشدا ئەو کەسەیە کە کۆنگریس ئامادەیە گوێی لێبگرێت و تائێستا چەندین جار لە ناو کۆنگرێسدا دانیشتنی گوێگرتن بۆ بۆچوونەکانی گرێدراوە، هەر بۆیە ئێمەش بە پێویستمان زانی جارێکی دیکە لەسەر مەسەلەی پەیوەندییە ئقلیمیەکانی کوردستان و عێراق پەیوەندی بە ئیدوارد واڵکەر بکەین و بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**ئیدوارد واڵکەر:**

# دەبێت کوردستان بە هێمنی و بە وریاییەوە پەیوەندی لە گەڵ ئێراندا درێژە پێبدات

**هەمیشە هەرێمی کوردستانی عێراق بە وریاییەوە مامەڵەی لە گەڵ ئەم کێشەیەدا کردووە هیچ کاتێک هەوڵی ئیستیفزاز کردنی تورکیای نەداوە و من ئومێدەوارم کە هەرێمی کوردستان درێژە بەم سیاسەتە بدات**

**دەبێت کوردستان پەرە بە بنیاتنانی پەیوەندیگەلێکی باش بدات لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی کوردستانە**



*** چۆن هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێت پەرە بە پەیوەندیەکانی بدات لە گەڵ دەوڵە دراوسێکانیدا وەك ئێران و تورکیا لە کاتێکدا هێشتا ئەم هەرێمە بەشێکە لە عێراق؟**

- پەیوەندییەکان لە گەڵ تورکیادا سەخت و دژوارن بە تایبەتی بە هۆی بوونی چالاکی یاخیگەری کوردەکانی تورکیا و بوونی کێشەی پەکەکەوە، کە هەمیشە هەرێمی کوردستانی عێراق بە وریاییەوە مامەڵەی لە گەڵ ئەم کێشەیەدا کردووە هیچ کاتێك هەوڵی ئیستیفزاز کردنی تورکیای نەداوە و من ئومێدەوارم کە هەرێمی کوردستان درێژە بەم سیاسەتە بدات. ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە بێت ئەوا بە تێڕوانینی من کەمتر مەترسیدارە. بە گشتی من ئومێدەوارم کە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی دەرەکی دیاری کراو نەگرێتەبەر کە پێچەوانەوە بێت لە گەڵ سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی عێراقدا، لەبەر ئەوەی ئەمە گیروگرفت بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات. من پێم وایە هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت لەم رووەوە ئەگەر خۆی لە تورەکردن و ئیستفزازکردنی زۆرێك لە لایەنەکان لابدات. لەبەر ئەوەی روونە کە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان لە سەقامگیریدایە، لەوەدایە وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە و درێژە بەو سەقامگیری و گەشەسەندنە بدات کە لە جیهاندا بە ئیعجابەوە لێی دەڕوانرێت، لەبەر ئەوەی دەبێت خۆی لە هەر کردەوەیەك لابدات کە ئەم دەستکەوتانە دەخەنە مەترسییەوە. من پێم وایە دەبێت کوردستان پەرە بە بنیاتنانی پەیوەندیگەلێکی باش بدات لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی کوردستانە. لە لایەکی دیکەوە سیاسەتێکی دەرەکی ژیرانە ئەوە دەخوازێت کە پەیوەندی راست و دروست لە گەڵ ئێراندا دابمەزرێنرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و دەبێت زۆر وریابێت کە سیاسەتێکی دەرەکی نەگرێتەبەر کە جیاواز بێت لە سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی عێراقی لەبەر ئەوەی ئەمە زۆرێك لە بەرپرسەکانی بەغدا پەست و تورە

دەکات و دژواریش بۆ ئەمەریکا دەخولقێنێت، هەر بۆیە دەبێت کوردستان بە هێمنی و بە وریاییەوە پەیوەندی لە گەڵ ئێراندا درێژە پێبدات.

***بەڵام تورکیا لە دوای روخانی رژێمی سەددام حوسێنەوە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان ئەکات و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کاری پێویستی نەکردووە بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەڕەشانە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەم هاوسەنگییە بپارێزێت لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لە هەموو روویەکەوە لە تورکیا لاوازترە؟**

- ئەمە بارودۆخێکی دژوارە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە لە نیگەرانی و مافی تورکیا تێدەگات بۆ ئەوەی لە بەرامبەر یاخیگەرەکاندا بەرگری لە خۆی بکات کە لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بنکەیان هەیە و بەکاری دەهێنن بۆ هێرشکردن لە ناو خاکی تورکیادا، هەر بۆیە سوپای تورکیا کاردانەوەی دەبێت و ئەم بنکانە لە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا دەکاتە ئامانج، لەبەر ئەوە ئەمەریکا هەوڵ ئەدات کە تورکیا دان بە خۆیدا بگرێت و کاردانەوەیەکی گونجاوی هەبێت، لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا هەڵدەستێت بە هاندانی دۆست و هاوپەیمانیە کوردستانییەکانمان بۆ ئەوەی کاردانەوەی زیاد لە پێویستیان نەبێت بەرامبەر جم و جوڵی تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو یاخیگەریە.

*** ئێمە وەك هەرێمی کوردستان دەزانین بەشێکین لە عێراق، بەڵام سیاسەتێکی واقعیانەش بۆ ئارامیو سەقامگیری ناوچەکە پیادە دەکەین ئایا چۆن ئەم سیاسەتە هەڵدەسەنگێنیت؟**

- پێم وایە دەبێت هەمو دەوڵەتێك سیاسەتێکی واقیعی بگرێتەبەر و سروشتی ئەو ناوچەیە لەبەرچاو بگرێت کە تێیدایە، هەروەها دەبێت هێز و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە دراوسێکانیشی لەبەرچاو بگرێت.

*** چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێت درێژە بەم سەقامگیریە بدات لەم ناوچە ناسەقامگیرەدا؟**

- تەرکیز لە سەر بارودۆخی ناوخی خۆتان بکەنەوە، هەوڵی پاراستنی ئەو سەقامگیری و گەشەسەندنەی ئابوورییە بدەن کە بەدەستتان هێناوە هانی وەبەرهێنانی دەرەکی بدەن و رێز لە بەغدا بگرن، مەبەستم ئەوەیە سیاسەتێکی دەرەکی سەربەخۆی زەق مەگرنەبەر کە بەغدا ئیستیفزاز بکات، هەموو هەوڵێکی خۆتان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی یاخیگەرەکان قەیرانێکی راستەقینە لە گەڵ تورکیادا نەخوڵقێنن بۆ ئێوە، کە ئەمەش دژی بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەکە.



*** ئەو پەیوەندیەی دەبێت عێراق پەرەی پێبدات لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا جیاوازە لەو پەیوەندیەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیەتی لە گەڵ ئەم دەوڵەتانەدا، واتە عێراق ناتوانێت هەمان ئەو پەیوەندییەی هەبێت لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا کە ئەمەریکا هەیەتی، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن عێراق دەتوانێت پەیوەندیگەلێکی باشی هەبێت لە گەڵ ئەم دەوڵەتانەدا بێ ئەوەی دووچاری ناکۆکی بێت لە گەڵ ئەمەریکا؟**

- دەبێت عێراق وریا و براگماتی بێت لە مامەڵەکردنی لە گەڵ ئێراندا، لەبەر ئەوەی ئێران وڵاتێکی گەورەیە و خاوەنی سەرچاوەگەلێکی زۆری نەوت و گازە و یەکێکە لەو وڵاتانەی کە هەناردەی نەوت و گاز دەکات بۆ دەرەوە و لە بەرامبەردا دراوی قورس بەدەست دەهێنێت و خاوەنی سوپایەکی بەهێز و گەورەیە، لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی حەتمی دەبێت عێراق براگماتیانە مامەڵە لە گەڵ ئێراندا بکات و هەوڵبدات لە نیگەرانییەکانی تێبگات، بەڵام ئەگەر پێویستی کرد بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندیەکانی بەرهەڵستی بکات. لە لایەکی دیکەوە دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش سەرەڕای ئەوەی ناکۆکی و کێشەی هەیە لە گەڵ ئێراندا بە هۆی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئەو وڵاتەوە، دەبێت براگماتی بێت و ئەو راستیە لەبەرچاو بگرێت کە عێراق نیگەرانی و بەرژەوەندی خۆی هەیە و نابێت کۆت و بەند لە سەر ئازادی عێراق دابنێت بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ ئێراندا. هەمیشە بەغدا پێویستی بەوە هەیە کە گفتوگۆ لە گەڵ ئێراندا بکات، رەنگە هەموو کاتێك ئەمەریکاش ئەم رێگاچارەیە بە رێگاچارەیەکی باش نەزانێت، بەڵام ئومێدەوارم کە بە تێڕوانینی براگماتیانەوە لەم مەسەلەیە بڕوانێت.

●●●

**سیاسەتێکی دەرەکی سەربەخۆی زەق مەگرنەبەر کە بەغدا ئیستیفزاز بکات، هەموو هەوڵێکی خۆتان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی یاخیگەرەکان قەیرانێکی راستەقینە لە گەڵ تورکیادا نەخوڵقێنن بۆ ئێوە**

●●●

●●●

**دەبێت عێراق براگماتیانە مامەڵە لە گەڵ ئێراندا بکات و هەوڵبدات لە نیگەرانییەکانی تێبگات، بەڵام ئەگەر پێویستی کرد بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندیەکانی بەرهەڵستی بکات**

●●●

**تۆماس پریستۆن ئوستادی پەیوەندییە نیودەولەتییەکانە لەزانکۆی واشنتۆن و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو هەروەها لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و ئێران بەتایبەتی.**
**پریستۆن یەکێکە لەشرۆڤەوانە دیارەکان لەسەر سیاسەتی دەرەو بەرگری ئەمریکا وو سایکۆلۆژیەتی سیاسیی، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران و پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی، لە لێدوانێکە تایبەتە بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربری.**

## تۆماس پریستۆن:

# ئاساییە هەولێر پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت لەبەر ئەوەی تائێستا عێراق سیاسەتێکی دەرەکی یەکگرتووی نییە

*** چۆن هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێت پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لە گەڵ دەوڵە دراوسێکانیدا وەك ئێران و تورکیا لە کاتێکدا هێشتا ئەم هەرێمە بەشێکە لە عێراق؟**

- بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە هەرێمی کوردستان خۆی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات و حاڵی حازر پێشبینی ئەوە ناکرێت کوردەکان دەست لەم ئۆتۆنۆمییە هەڵبگرن و هەروەها پێشبینی ئەوەش ناکرێت حکومەتی بەغدا هەوڵی زەوتکردنی ئەم ئۆتۆنۆمییە بدات، لەبەر ئەوەی دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، ئەم حاڵەتەش وای کردووە کە هەرێمی کوردستان پەیوەندی تایبەتی هەبێت لە گەڵ هەر یەکە لە ئێران و تورکیادا ئەگەرچی پەیوەندییەکانی دەرەوە و سیاسەتی دەرەوە بۆ حکومەتی عێراقی دەگەڕێتەوە، بەو پێیە لەم ساتەوەختەدا سیاسەتێکی دەرەکی یەکگرتوو لە عێراقدا بەدی ناکرێت و لەم ڕووەوە هەولێر پەیوەندی خۆی هەیە لە گەڵ ئەم دەوڵەتانەدا.

من پێموایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەی بە تورکیا ڕاگەیاندووە کە ڕاستە هەندێ لە یاخیگەرەکان بوونیان هەیە لەو ناوچانەدا، بەڵام ناکرێت کاردانەوەکانی تورکیا ببنە هۆی ناسەقامگیرکردنی هەرێمی کوردستان، یاخود عێراق بە گشتی. بەڵام ئەگەر هەرێمی کوردستان پشتگیری لە چەکدارانی پەکەکە بکردایە و داڵدەی ئەم ڕێکخراوەی بدایە، کە حاڵی حازر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە ڕەفتار ناکات.



لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی دژواردایە لەبەر ئەوەی کاتێك هەوڵی ئەوە دەدات شاری کەرکوك بگەڕێنێتەوە سەر ئەم هەرێمە ئەوا دووچاری هەڵوێستی سەختی دەکات هەم لە گەڵ بەغدا و هەم لە گەڵ ئەنقەرەدا. بەڵام دەبێت ئەم کێشە و ناکۆکییانە لە عێراقدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و لەم ڕووەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە ڕژێمی سەددام هەڵسا بە ڕاگواستنی دانیشتوانی شاری کەرکووك و خەڵکی دیکەی تێدا نیشتەجێ کرد، هەروەها کێشەی چۆنییەتی دابەشکردنی داهاتی نەوت و بودجە هەیە لە عێراقدا، کێشەی دەستووری هەیە، هەموو ئەمانە ئەوە دیاری دەکەن ئایا عێراق دەبێتە وڵاتێکی سەقامگیر و بەشداری لە سەقامگیری ناوچەکەدا دەکات، یاخود عێراق بەرەو دابەشبوونی دەچێت و دەبێتە سەرچاوەی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا.

***پەیوەندییە ئقلیمیەکان فاکتەری سەرەکین بۆ ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە ئایا تا چەند ئەم پەیوەندی باشی نێوان دراوسێکان کاریگەرە بۆ ئاسایش و سەقامگیری؟**

- بێگومان ئەوە ڕاستە پەیوەندییە ئیقلیمییەکان کاریگەریان زۆرە .، بۆ نموونە ئەگەر عێراق خوازیاری ئەوە بێت ببێتە سەرچاوەی سەقامگیری لە ناوچەکەدا، ئەوا دەبێت پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا و لە هەمان کاتدا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی

**ئەمەریکا ئەوەی بە تورکیا ڕاگەیاندووە کە ڕاستە هەندێ لە یاخیگەرەکان بوونیان هەیە لەو ناوچانەدا، بەڵام ناکرێت کاردانەوەکانی تورکیا ببنە هۆی ناسەقامگیرکردنی هەرێمی کوردستان**

**ئەگەر عێراق خوازیاری ئەوە بێت ببێتە سەرچاوەی سەقامگیری لە ناوچەکەدا، ئەوا دەبێت پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا و لە هەمان کاتدا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هەڵبستن بە پیادەکردنی ڕێککەوتننامەکانی پەیوەست بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە**

هەڵبستن بە پیادەکردنی ڕێککەوتننامەکانی پەیوەست بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە، لەبەر ئەوەی سومعەی دەوڵەتێك کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەوەی چۆن لە لایەن دەوڵەتەکانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لێی دەڕوانرێت. هەر بۆیە ئەگەر عێراق بتوانێت حکومەتێکی سەقامگیر و دیموکرات پێك بهێنێت و پێکهاتە سەرەکییەکانی وڵاتەکە بگەنە سازش و چارەسەرێکی مام ناوەندی ئەوا ئەو وڵاتە دەتوانێت ببێتە هێزێك بۆ باشترکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

دەبێت عێراق بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستنیشان بکات و تێڕوانینی خۆی هەبێت بۆ پەیوەندییەکانی نەك هەر لە گەڵ ئێراندا، بەڵکو لە گەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکاندا، ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت ئەوا عێراق خوازیاری ئەوەیە ئێران هەڵنەستێت بە ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق و هەوڵی لاوازکردنی حکومەتی عێراق نەدات، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە ئێران دەوڵەتێکی دراوسێیە و دەبێت ئەم دوو وڵاتە پێکەوەبژین. ڕەنگە بوونی ئەمەریکا لە عێراق و پەیوەندی لە گەڵ ئەم دەوڵەتەدا کاریگەری هەبێت، بەڵام دەبێت عێراق هەڵبستێت بە دیاری کردنی بەرژەوەندییەکانی و لەو پێناوەدا پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات.

*** ئەو پەیوەندییەی دەبێت عێراق پەرەی پێبدات لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا جیاوازە لەو پەیوەندییەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیەتی لە گەڵ ئەم دەوڵەتانەدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن عێراق دەتوانێت پەیوەندی گەلێکی باشی هەبێت لە گەڵ ئەم دەوڵەتانەدا بێ ئەوەی دووچاری ناکۆکی بێت لە گەڵ ئەمەریکا؟**

- من پێموایە چەند خاڵێکی هاوبەش هەیە لە نێوان عێراق و ئەمەریکا لەم ڕووەوە، بۆ نموونە هەردوولا بەرژەوەندییان لەوەدایە کە ئێران هەڵنەستێت بە ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق و ڕۆڵێکی خراپ نەبینێت لەم وڵاتەدا. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە حکومەتی عێراق هەوڵ و کۆششی کردووە بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئێراندا، بۆ نموونە سەرۆك وەزیرانی عێراق سەردانی ئێرانی کرد و لە گەڵ سەرۆکی ئەو وڵاتە و سەرکردەکانی دیکەدا کۆبووەوە. واقیعەکە ئەوەیە ئێران شەریکێکی بازرگانییە بۆ عێراق و لە زۆر بواردا ئەم دوو وڵاتە دەتوانین پەرە بە پەیوەندییەکانیان بدەن بە چەشنێك لە بەرژەوەندی هەردوولابێت. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت هاوسەنگییەك بپارێزرێت لەم پەیوەندیانەدا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان پەیوەندی بنیاتنەربن نەك بە پێچەوانەوە.

*** هەر کاتێك باس لە سەقامگیری و یەکگرتوی عێراق دەکرێت، ئاماژە بەوە دەکرێت هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، کاتێك باسی دابەشکردنی داهاتی نەوت و بودجە دەکرێت دیسان وەك بەشێك لە عێراق لە هەرێمی کوردستان دەڕوانرێت، بەڵام کاتێك هەرێمی کوردستان ڕوبەڕووی سنووربەزاندنی تورکیا دەبێتەوە ئەوا بە تەنیایە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی کوردستان نیم، بەڵام ئەو ڕاستییە دەزانم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی لە کوردە جوداخوازەکانی تورکیا ناکات و لەم ڕووەوە ڕێگاچارەیەکی ستراتیجی گرتۆتەبەر کە هەڵناستێت بە پشتگیری کردن و داڵدەدانی ئەو گرووپە یاخیگەرییە، ئەمەش لە بەرژەوەندی سەقامگیری سیاسی هەرێمی کوردستانە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە هەر کاتێك تورکیا لەشکرکێشی کردبێت و سنووری بەزاندبێت ئەوا دوای ئەوەی هەندێ لە بنکەکانی ئەو گروپە دەکاتە ئامانج ئەوا دووبارە بۆ ناو خاکی تورکیا دەگەڕێتەوە و پتر ڕۆناچێتە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستانەوە. لە لایەکی دیکەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لە گەڵ ئەوەدایە کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا سنووردار بن و نەبنە هۆی ئەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان دووچاری شڵەژان و ناسەقامگیری ببێتەوە، لەبەر ئەوە من پێشبینی ئەوە دەکەم کە فشارەکان بۆ سەر تورکیا بەردەوام بن بۆ ئەوەی لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکاندا سەقامگیری ئەم هەرێمە نەخاتە مەترسییەوە و هیچ پشتگیرییەکیش لە بانگەشەکانی تورکیا ناکرێت بۆ خاوەندارێتی هەندێ لە خاکی عێراق.

*** ئایا چۆن لە بێدەنگی مالیکی لە ئاست هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەڕوانێت لە کاتێکدا کە ئەم هەرێمە بەشێکە لە عێراق؟**

- من پێموانییە مالیکی بێدەنگ بووبێت، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە هەم حکومەتی عێراق و هەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە خوازیاری ئەوەنین کە دوچاری ناکۆکییەکی گەورە بن لە گەڵ تورکیادا و هەردوولا دان بەوەدا دەنێن کە تورکیا هەندێ نیگەرانی ئەمنی ڕەوای هەیە لە ئاست ئەو کوردە یاخیبوانەی ناوچە سنوورییەکان بەکار دەهێنن بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا. لەبەر ئەوە تاوەکو حکومەتی عێراق نەتوانێت ئەو ناوچە سنووریانە کۆنترۆڵ بکات و ڕێگری نەکات لەوەی ئەو بنکانە بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا بەکاربهێنرێن ئەوا تورکیا بەردەوام دەبێت لەسەر کاردانەوەکانی و لەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی. من پێموایە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو بڕیارە بدات ئایا ڕێگە بە ئەم چەکدارانە دەدات، ئەگەرچی براشیان بن، بۆ ئەوەی ئەم ناوچە سنووریانە بەکاربهێنن بۆ پەلاماردانی تورکیا کە ئەو کاتەش تورکیا درێژە بە کاردانەوەکانی خۆی دەدات. لەبەر ئەوە من پێموایە دەبێت هۆکار و ریشەی ئەم کێشەیە چارەسەربکەین کە بریتییە لە گۆڕینی هەلومەرجی ئەو ناوچە سنووریانە بۆ ئەوەی چیتر بەکار نەهێنرێن بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا. لە لایەکی دیکەوە دەبێت دەست بە گفتوگۆ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ئەگەرنا ئەم ناکۆکی و توندوتیژییانە درێژە دەکێشن، لەبەر ئەوەی تەنیا پاراستنی سنوورەکان بەس نییە، بەڵکو دەبێت هەمو لایەنە پەیوەندیدارەکان دانوستاندن بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانە بدۆزرێتەوە.

*** چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێت درێژە بەم سەقامگیرییە بدات لە کاتێکدا هەلومەرجە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکە لە بەرژەوەندی ئەم هەرێمە نییە؟**

- کوردەکان هەوڵی پاراستنی ئەو ئەمری واقیعە دەدەن کە هەیە، نیگەرانییەکانی کوردەکان ئەوەیە لە کاتی گفتوگۆکانیاندا لە گەڵ حکومەتی بەغدا لەسەر بودجە و داهاتی نەوت دەسەڵاتیان کەم ببێتەوە ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر ئۆتۆنۆمیەکەیان، بەڵام من پێموایە تێڕوانینێکی واقیعیانە نییە ئەگەر پێشبینی ئەوە بکەین کە کوردەکان ئەم ئۆتۆنۆمیەیان نەبێت. من ئەوە دەزانم کە لە کوردستاندا مەیلی جیابونەوە هەیە لە عێراق، بەڵام پێداگیری کردن لەسەر ئەم داواکارییە لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیری. ڕەنگە ئەمە لە مەودای دووردا بێتەدی، بەڵام ژیرانەتر ڕێگاچارە لە ئایندەی نزیکدا بریتییە لە درێژەپێدان و پاراستنی ئەم ئۆتۆنۆمی و سەقامگیرییەی هەیانە، هەر ئەمەش بەدی دەکەین لە گفتوگۆکانی کوردەکان لە گەڵ حکومەتی عێراقدا، نەك پێداگیری بکەن لە سەر جیابوونەوە لە عێراق، لەبەر ئەوەی ئەمە مەترسی ناسەقامگیری لە خۆیدا هەڵگرتووە.

●●●

**حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی لە کوردە جوداخوازەکانی تورکیا ناکات و لەم ڕووەوە ڕێگاچارەیەکی ستراتیجی گرتۆتەبەر کە هەڵناستێت بە پشتگیری کردن و داڵدەدانی ئەو گرووپە یاخیگەرییە**

●●●

●●●

**چەند خاڵێکی هاوبەش هەیە لە نێوان عێراق و ئەمەریکا لەم ڕووەوە، بۆ نموونە هەردوولا بەرژەوەندییان لەوەدایە کە ئێران هەڵنەستێت بە ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق و ڕۆڵێکی خراپ نەبینێت لەم وڵاتەدا**

●●●

●●●

**تەنیا پاراستنی سنوورەکان بەس نییە، بەڵکو دەبێت هەمو لایەنە پەیوەندیدارەکان دانوستاندن بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانە بدۆزرێتەوە**

●●●

داڤید کێنســـالا ئوستادی زانستی سیاســـەتە لە زانکۆی پۆرتلاندو پسپۆرو تایبەتمەندە لەســـەر دەوڵەتانی کەنداو بەگشتی و عێراق و ئێران بەتایبەتی، کێنســـالا لەســـەر شـــەڕی دووەمی کەنداو کتێبێکی نووسیوە بەناونیشـــانی شەڕی دووەمی کەنداو و دەرەنجامەکانی، پێشـــتر کینســـالا یەکێك بووە لە شرۆڤەوانانی سەردەمی شەڕی ســـارد، بەڵام ئێستا بایەخێکی گرنگ بە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەدات و سەبارەت پەیوەندییە ئیقلیمیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیش لەگەڵ دراوسێکانی، کێنسالا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن :

**دەڤید کێنسالا:**

# پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا گرنگی خۆی هەیەو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ڕەوشی ئاسایش لە وڵاتەکەدا دەبێت



***هەرێمـــی کوردســـتان هەمـــوو هەوڵـــی بۆئەوەیە پەیوەندییەکانـــی لەگـــەڵ دراوســـێکانی لـــەو پەڕی باشیدا بێت، بەڵام هەندێك لە دراوسێکان ئەم ئامادەباشیەیان نییە ؟**

- مـــن پێموایە ســـەخت و دژوارییەکـــە زیاتـــر لە گەڵ لایەنـــی تورکییـــە لەبـــەر ئـــەوەی هەندێك لـــە کوردە یاخیگـــەرەکان، ناوچـــە ســـنوورییەکانی هەرێمـــی کوردستانیان کردووە بە مۆڵگە بۆ خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا. مـــن پێموایە ئەگەر ئەم ناکۆکییەی نێوان تورکیـــا و کوردەکانی ئەو وڵاتە یەکلا بکرێتەوە، هەرچەندە مـــن نازانم چۆن دەتوانرێت کۆتایی بەم ناکۆکییە بهێنرێت، ئەوا کوردەکانی عێراق دەستکەوتگەلێکی زۆر بە دەســـت دەهێنن. من پێشبینی ئەو ناکەم ئەم ناکۆکییە لـــە ئایندەیەکی نزیکدا چارەســـەر بکرێت، بـــە تایبەتی کە حکومەتی تورکیا سازشێکی زۆر ناکات بۆ ئەو یاخیگەرانە، لەبەر ئەوە پێشبینی درێژەکێشـــانی ئەم ناکۆکییە و بەردەوام بوونی ئۆپەراســـیۆنە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکەم، ئەمەش نە لە بەرژەوەندی کوردەکانی عێراق و نە لە بەرژەوەندی کوردەکانی تورکیایە.

پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە گەڵ دەوڵەتە دراوســـێکاندا گرنگی خـــۆی هەیە لەبەر ئەوەی ئـــەم پەیوەندییانەی کاریگەرییەکی قووڵیان دەبێت لەسەر ڕەوشـــی ئاسایش لە وڵاتەکەدا، بەڵام لە لایەکی دیکەوە زەحمەتە عێراق بتوانێت پەیوەندیگەلێکی باش لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکاندا دابمەزرێنێـــت. هەروەهـــا بوونـــی پەیوەنـــدی باش لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکادا ڕەنگـــە عێراق لـــە دەستڕۆیشـــتوویی و دەســـتێوەردانی هەنـــدێ لە دەوڵەتەکان بپارێزێت، بەڵام لـــە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی هەنـــدێ لە دەوڵەتە دراوســـێکان پەیوەندیگەلێکی خراپیان لە گەڵ ئەمەریکادا هەیە وەك ئێران ئەوا ئەمە عێراق دووچاری دژواری دەکاتەوە.

***.بەڵام تورکیا هاوپەیمانی ئەمەریکایە و ئەندامی ڕێکخراوی ناتۆیـــە، هەروەها تورکیا لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ســـەددام حوســـێنەوە هەڕەشە لە هەرێمی کوردســـتان ئەکات و وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکاش کاری پێویســـتی نەکردووە بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەڕەشانە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن هەرێمی کوردســـتان دەتوانێت ئەم هاوســـەنگییە بپارێزێت لە کاتێکدا**

**ئەگەر ئەم ناکۆکییەی نێوان تورکیا و کوردەکانی ئەو وڵاتە یەکلا بکرێتەوە، هەرچەندە من نازانم چۆن دەتوانرێت کۆتایی بەم ناکۆکییە بهێنرێت، ئەوا کوردەکانی عێراق دەستکەوتگەلێکی زۆر بە دەست دەهێنن**

**زەحمەتە عێراق بتوانێت پەیوەندیگەلێکی باش لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکاندا دابمەزرێنێت**

**هەرێمی کوردستان لە هەمو روویەکەوە لە تورکیا لاوازترە؟**

- تورکیا خوازیاری ئەوەیە هەرێمی کوردستان هەڵنەستێت بە دابینکردنی نەوایەك بۆ پەکەکە، نەمانی ئەم نەوایە دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردن و باشترکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە گەڵ تورکیادا، هەرچەندە من دڵنیانیم ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵێکی تەواوی هەیە بەسەر ئەو ناوچە سنووریانەوە لە گەڵ تورکیادا بۆ ئەوەی رێگە نەدات یاخیگەرەکان ئەم ناوچانە بەکاربهێنن، یاخود ئایا بە راستی هەرێمی کوردستان خوازیاری ئەوەیە کارێکی لەم چەشنە بکات، رەنگە پشتگیری لە ئامانجەکانی پەکەکە بکەن لە تورکیادا، من نازانم. بەڵام من پێموایە جگە لە مەحرومکردنی پەکەکە لەو ناوچانە هیچ شتێکی دیکە نابێتە هۆی رەزامەندی تورکیا. ئەو کاتە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی تورکیاش بەردەوام دەبن و رەنگە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کارێکی زۆری لە دەست نەیەت لەبەر ئەوەی بوونێکی سەربازی نییە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی ئەو سنووربەزاندنەی تورکیا بوەستێنێت، رەنگە بتوانێت داوا لە تورکیا بکات کە کۆتایی بەو ئۆپەراسیۆنانە بهێنێت یاخود بە لای کەمەوە داوا لە تورکیا بکات کە پێشتر ئاگاداری ئەمەریکا و حکومەتی عێراقی بکاتەوە کاتێك پلان بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنانە دادەنێت. ئەمەریکا لە پێگەیەکی باشدا نییە بۆ ئەوەی رێگری لە تورکیا بکات بۆ ئەوەی ئەم کارە نەکات، لەبەر ئەوەی تورکیا رووبەڕووی یاخیبوون بۆتەوە.

**• ئایا حکومەتی عێراق دەتوانێت بەهەمان شێوەی ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ ئێران بکات؟**

- سەبارەت بە ئێران دەبیت ئەوە بزانن ئێران لە پێگەیەکدایە کە بتوانێت سەختی و ئاستەنگی لە عێراقدا بخوڵقێنێت، بە تایبەتی کە پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا لە قۆناغە سەرتاییەکانیدایە و هێشتا لەرزۆکە، لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە عێراق ناتوانێت هەمان هەڵوێستی دوژمنکارانەی هەبێت لە ئاستی ئێراندا بە چەشنی ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیەتی لە گەڵ ئێراندا. ئەوەی ئێوە باسی لێوە دەکەن راست و دروستە کە دەبێت هاوسەنگییەك بپارێزرێت لەم نێوەندەدا، چونکە عێراق خوازیاری ئەوە نییە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گۆشەگیربکات لەبەر ئەوەی بەرهەمێکی زۆر دەچنێتەوە لە پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئەمەریکادا و لە هەمان کاتدا ناتوانێت هەمان ئاستی دوژمنکاری لە دژی ئێران پیادە بکات کە ئەمەریکا لە دژی ئەو وڵاتە پیادەی دەکات. بەڵام عێراق دەتوانێت پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لە گەڵ ئێراندا و لە راستیدا دەبێ ئەم کارە بکات، مەرج نییە ببنە دو دەوڵەتی دۆست و پەیوەندی زۆر نزیك لە گەڵ یەکدا بنیات بنێن، بەڵاك دەبێت رێگایەك بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بدۆزنەوە لە گەڵ یەکدا و پەیوەندییەکی ئاشتیانەیان هەبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی هەردوولا دەشکێتەوە لەبەر ئەوەی دەتوانن پەرە بە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان بدەن و رێگە بە گەشتکردنی هاوڵاتییانی یەکدی بدەن بۆ وڵاتەکەی دیکە. لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکان لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا گرنگتر دەردەکەون، چونکە دەوڵەتە دراوسێکان دەتوانن ببنە سەرچاوەی هەڕەشە و هەروەها بە پێچەوانەوە دەتوانن ببنە هێزێك بۆ ئاشتی و سەقامگیری. هەرچەندە ئێستا عێراق تا رادەیەکی گەورە پشت بە بوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبەستێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەبێت وردە وردە بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایش بگرێتە ئەستۆ و جڵەوی کاروبارەکانی خۆی بگرێتەدەست.

*** ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کار بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق دەکات؟**

- من پێموایە کۆسپی سەرەکی بریتییە لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت ئەوا ئەمەریکا پشتگیری لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران دەکات. پێشتر ئەمەریکا پەیوەندیی نزیکی هەبوو لە گەڵ ئێراندا لە پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامییەوە، لەبەر ئەوەی هیچ هۆکارێك نییە بمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران و تەنانەت ئەمەریکا و ئێرانیش خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ناکات، ئەگەر هاتوو بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران یەکلاکرایەوە، بڕوانە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و لیبیا بە رەوتێکی چەند خێرا گەشەی کرد کاتێك کێشەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی لیبیا چارەسەرکرا.

*** ئەی چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێت پەرە بە پەیوەندییەکانی بدات لە گەڵ ئێراندا بێ ئەوەی ئەمە کاریگەری هەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئەمەریکادا؟**

- بە تێڕوانینی من ئەگەر بەرەوپێشچوون و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان نەبوونە هۆی خوڵقاندنی گیرو گرفت بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوا ئەمەریکا بەرهەڵستی باشترکردنی ئەم پەیوەندییانە ناکات.

*** چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێت درێژە بەم سەقامگیرییە بدات لە کاتێکدا هەلومەرجە ناوچەی و نێودەوڵەتییەکە لە بەرژەوەندی ئەم هەرێمە نییە؟**

- من پێموایە دەبێت نیگەرانییەکانی تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەرچاو بگرن، ئەویش نیگەرانی ئەوەیە کە خاکی هەرێمی کوردستان لەلا یەن گروپە یاخیگەری و تیرۆریستییەکانی بەکارنەهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا، ئەگەر ئەمەریکا و تورکیا دڵنیابوون لەوەی خاکی ئەم هەرێمە بۆ ئەم مەبەستانە بەکارناهێنرێت، ئەوا هیچ گیروگرفتێکیان نابێت لەوەی هەرێمی کوردستان کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە ببات و و پەیوەندی باشی لە گەڵ ئێران، یاخود هەر وڵات و لایەنێکی دیکەدا هەبێت.

●●●

**ئێران لە پێگەیەکدایە کە بتوانێت سەختی و ئاستەنگی لە عێراقدا بخوڵقێنێت، بە تایبەتی کە پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا لە قۆناغە سەرتاییەکانیدایە**

●●●

●●●

**کۆسپی سەرەکی بریتییە لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت ئەوا ئەمەریکا پشتگیری لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران دەکات**

●●●

●●●

**دەبێت نیگەرانییەکانی تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەرچاو بگرن، ئەویش نیگەرانی ئەوەیە کە خاکی هەرێمی کوردستان لەلا یەن گروپە یاخیگەری و تیرۆریستییەکانی بەکارنەهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا**

●●●

# هەڵکشانی کێرڤی پەرەپێدان نیشانەی سەرکەوتنی حکومڕانییە

## ئایا ستاندەری جیهانی چۆن حکومڕانی هەڵدەسەنگێنێت؟



لەوانەیە نەبوونی کەلچەری حوکمڕانی وەك پێویست لای ئێمە و گەلانی هاوشێوەی وەك ئێمە کارێکی نەنگ نەبێت، بەڵکو ئەوە کارێکی نەشیاوە کە هەوڵنەدەین ئەو چەمك و پێوەرانە فێربین و بەپێی مەزاج و فەزای بیرکردنەوەی خۆمان وشەی بۆ دابتاشین و سەرەنجامیش ئایندەی حوکمڕانی وڵات بخەینە ئەگەری قەدەر و چارەنووسێکی نادیارەوە. هەر بۆنمونە:

• بانکە نێودەوڵەتییەکان ئامادەبن قەرزی درێژخایەن بدەن بە حکومەتی وڵاتەکەت، وەك ئەو قەرزەی بانکی نێودەوڵەتی بۆ دروستکردنی ڕێگەی دووسایدی نێوان هەولێر – ئاڵتون کۆپری، هەروەها قەرزی بانکی ژاپۆنی بۆ دروستکردنی پرۆژەی ئاوی هەڵەبجەو تەواوکردنی ئاوی ئیفراز و دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی تۆری ئاوی هەڵەبجە و هەر ٣ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆك.

• متمانەی نێودەوڵەتی بە یاسا و حوکمڕانی وڵاتەکەت و ئامادەباشی ئەو وڵاتانە بۆ گرێدانی کۆنتراکت و بەتایبەتی کۆنتراکتی گەڕان بەدوای نەوت و حساب نەکردن بۆ هەڕەشە و گورەشەی حکومەتی ناوەندی عێراق، وەك هەرەشەکانی حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق کە بەو شێوەیە هەڕەشەی لەو کۆمپانیایانە دەکرد، هەر کۆمپانیایەکی پترۆلی گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی کوردستان گرێدابیت و ئەو گرێبەستە هەڵنەوەشێنێتەوە ئەوا دەخرێنە لیستی ڕەشەوە، بەڵام کاتێك هیچ کۆمپانیایەك ئامادەنەبێت ملکەچی

ئەم هەرەشەیە بێت و لەمەش زیاتر دوای ئەو هەرەشەیە کۆمپانیا هەبێت ئامادەبێت وەك کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی کۆریای باشور گەورەترین گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبدات و بە فەرمیش لە نێوان سەرۆکی حکومەتی کوردستان و سەرۆکی کۆریا گرێبدرێت، ئەمە نیشانەی متمانەی نێودەوڵەتییە بە حوکمڕانی کوردستان.

• لەسەر ئاستی عەرەبی کاتێك دەبینین کۆمپانیایەکی وەك کۆمپانیای داماکی ئیماراتی ئامادەیە بە بری ١٥ ملیار دۆلار وەك قۆناخی یەکەم گرێبەستی وەبەرهێنانی پرۆژەی تارین هێلز لەگەڵ حکومەتی کوردستان مۆردەکات و ئامادەشە بەپێی کۆنتراکتەکە دوای تەواو بوونی قۆناخی یەکەم، قۆناخی دووەم و سێیەمیش دەست پێبکات، وەبەرهێنان تەنها لەیەك پرۆژەدا بگاتە نزیکەی ٤٠ – ٥٠ ملیار دۆلار، ئەمە تەنها متمانەکردن نییە بە حکومەت بەڵکو متمانەکردنە بەو شێوازی کاری دامەزراوەییەی کە حکومەتی ئێستای کوردستان بەرنامەی بۆ دارشتووە و متمانە کردنە بە بنەمای حوکمڕانی باش لە کوردستاندا.

• کاتێك فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر تەواو بوو، تەنها وڵاتێك کەلەسەرەتادا ئامادەنەبوو فرۆکەی خۆی بنرێت بۆ ئەم فرۆکەخانەیە تورکیا بوو، ئیلنور چەڤیك سەرنووسەری پێشووی تورکیش دێلی نیوز، کە هەفتانە وتارێکی لە گوڵان بڵاودەکردەوە و بە زمانی ئینگلیزیش رۆژانە لە (زە نیو ئەنەتۆلیان) سەروتاری هەبوو، وەك رێنمایەك بۆ دەسەڵاتدارنی تورکیا نوسیبوی، هەقە تورکیا یەکەم وڵات بوایە فرۆکەی خۆی بناردایە بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و پشتگیری سەرکەوتنی گەشتە ئاسمانیەکانی نێوان کوردستان و دەرەوە بوایە، هەروەها دەبوو تورکیا لە گرێدانی کۆنترات لە هەموو بوارەکاندا زۆرترین کۆنتراکتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبدایە، لەبەر ئەوەی هەموو جیهان ئامادەیە لەگەڵ ئەم حکومەتە مامەڵە بکات، تورکیا دوایی ناچار بوو فرۆکە بنێرێتە هەولێر و گەشتی ئاسمانی نێوان هەولێرو ئەستەنبوڵ دەستیپێکرد، سەرەنجام ناچار دەبێت لەسەر ئاستەکانی دیکەش لەگەڵ حکومەتی کوردستان مامەڵە بکات، بەڵام ئەگەر سەرەتا هەنگاوی هەڵبگرتایە پشکی تورکیا لە هەردەوڵەتێکی دیکە زیاتر دەبوو، بەڵام ئێستا دەبێت لەگەڵ تەواوی کۆمپانیا جیهانیەکان کە لە کوردستاندا بونیان هەیە ململانێ بکات.

بەداخەوە تورکیا لەسەرەتادا هەوڵیدا ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و بانکە جیهانییەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان بەو ئاراستەیە هانبدات کە حکومرانی کوردستان جێگەی متمانە نییە و ئاسایش و سەقامگیری بەو ئاستە لە کوردستان بوونی نییە، هەروەها بە ئاشکرا لە رۆژنامەکانی تورکیا بڵاویدەکردەوە، کە سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی وەك پیاوی دەوڵەت حوکمڕانی بکەن، بەڵام کاتێك سەرۆك بوش داوەتی سەرۆك مسعود بارزانی کرد بۆ کۆشکی سپی و وەك یەکێك لەسەرۆکەکانی جیهان پێشوازی لێکردو سەرۆك بارزانی بە پۆشاکی کوردیەوە بە زمانی کوردی کۆنگرەی رۆژنامەوانی لەگەڵ سەرۆك بۆش گرێدا، هەموو جیهان لە زاری بۆشەوە گوێبیستی ئەوە بوون کە سەرۆك بۆش بە جەنابی سەرۆك (Mr. president ) پێشوازی لەسەرۆك بارزانی کرد و هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆکی حکومەتی کوردستان وەك سەرکردەیەکی لاوی جیهانی لەلایەن رێکخراوی سەرکردە لاوەکانی جیهان (YGL)و هەروەها ئەمساڵیش بەخشینی دکتۆرای فەخری بە بەرێزیان لە لایەن زانکۆی جیفرسۆن –مادیسۆن، هەموو ئەو هەوڵانەی تورکیای سڕیەوە.

گوڵان بۆ بەدوادا چوونی هۆکاری بەخشینی ئەم دکتۆرا فەخرییە بە بەرێز نێچرڤان بارزانی لە کاتی خۆیدا، پەیوەندی بە زانکۆی جیفرسۆن – مادیسۆن کرد و راشکاوانە پرسیاری لەسەرۆکی ئەو زانکۆیە کرد، ئێوە چۆن ئەم دکتۆرایە دەبەخشن و پێوەری ئێوە بۆ هەڵبژاردنی کاندیدکراوەکانتان چین؟ سەرۆکی زانکۆی ناوبراو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:

(ئەم زانکۆیەساڵانە چەند کەسێك لەسەر ئاستی جیهان بۆ بەخشینی ئەم دکتۆرایە هەڵدەبژێرێت و دەیداتە ئەو کەسانەی کە رۆڵێکی بەر چاویان لە بونیادی دیموکراتی و حکومرانی باشدا هەبووە، ئەمە یەکەمین جاریشە کەسێکی غەیرە ئەمریکی ئەم بڕوانامەیەی پێدەدرێت) بێگومان ئەو بڕوانامەیە پلەیەکی زانستی نییە، ئەو کەسەی ئەم بروانامەیە وەردەگرێت ئەتروحە پێشکەشی زانکۆی ناوبراو ناکات، بە ڵکو زانکۆی ناوبراو کارەکانی بەو ئەتروحەیە لە قەڵەم دەدات کە لە خزمەتی ئاشتی و ئاسایش و دیموکراسیەت دایە.

سەبارەت بەو کارانەی سەرۆکی حکومەت کەبونە هۆکار بۆ ئەم کاندید کردنە، سەرۆکی زانکۆی جیرسۆن مادیسۆن پێی گوتین. ئێمە لەبەر ئەم هۆکارانە بەرێز نێچرڤان بارزانیمان بۆ ئەم رێزلێنانە کاندید کردووە:

١. نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی حکومرانیکردنی وەك سەرۆکی حکومەتی کوردستان توانی سەرکردایەتی حکومەتێکی یەکگرتوو و هاوبەشی پارتی و یەکێتی بکات و توانیویەتی ئەم تەباییە لە نێوان پارتی و یەکێتی بپارێزیت وبەرەو پێشەوەی ببات.

٢. ئەو هەرێمەی نێچیرڤان بارزانی حوکمڕانی تیادەکات رۆژ لە دوای رۆژ دیموکراسی زیاتر گەشە دەسەنێت و پرۆسەی پەرەپێدان بەرەو پێشەوە دەچێت.

بێگومان ئەم رێزلێنانە گەلێك کەس و لایەنی لە کوردستان نارەحەت کردو پرۆپاگەندەی ناشارستانیان لە دژی بڵاوکردەوە، هەربۆیە گوڵان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو داخ لە دڵانەو دروستکردنی کەشوهەوایەك بۆ دروستکردنی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، پەیوەندی بە ٣ کەس لەو کاندیدکراوانە کرد، کە دوانییان پێشتر هەمان بروانامەی دکتۆرای فەخریان لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە و یەکێکیشیان وەك بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاندیکراوی ساڵی ٢٠٠٨ بوو، بەڕێز دانیال پاتلەر کەئێستا سەرۆکی موحەلەفینی نیویۆرکە و پێشتر ئەم بروانامەیەی وەرگرتبوو، کاتێك پەیوەندیمان پێوەکرد و پێمان وت، ئێمە دەمانەوێت بزانین تۆ چۆن ئەم بروانامەیەت وەرگرتووە، زۆر بەسەر سوڕمانەوە لێی پرسین ئێوە بۆچی لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە دەکەن و چی وایلێکردوون ئەم مەسەلەیە بوروژێنن،. ئێمەش پێمان گوت بۆ ئەمساڵی ٢٠٠٨ سەرۆکی حکومەتەکەی ئێمە بۆ ئەم دکتۆرا فەخرییە کاندید کراوە، بەرێز باتلەر لە وەڵامدا پێی گوتین: من بەرێز سەرۆك وەزیرانی ئێوە ناناسم بەڵام ئومێد دەخوازم بیناسم، بەڵام کاندیدکردنی لە لایەن زانکۆی جیفرسۆن-مادیسۆنەوە بۆ ئەم رێزلێنانە واتە سەرۆك وەزیرانتان خزمەتێکی گەورەی پێشکەشی میللەتەکەی خۆی و جیهان کردووە) لێمان پرسی تۆ چۆن ئەم بروانامەیەت پێبەخشرا، پێی گوتین: من بروانامەی دکتۆرای



**وەبەرهێنان تەنها لەیەک پرۆژەدا بگاتە نزیکەی ٤٠ – ٥٠ ملیار دۆلار، ئەمە تەنها متمانەکردن نییە بە حکومەت بەڵکو متمانەکردنە بەو شێوازی کاری دامەزراوەییەی کە حکومەتی ئێستای کوردستان بەرنامەی بۆ دارشتووە و متمانە کردنە بە بنەمای حوکمڕانی باش لە کوردستاندا**

زانستیم هەیە بەڵام ئەم دکتۆرایە فەخرییە، من ئەزانم ئێستا سەرۆکی موحەلەفینی نیویۆرکم و پێشتریش ماوەی ١٥ ساڵ لە ژنێڤ یەکێك بووم لە قازییە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام نازانم بۆ ئەم زانکۆیە منی بۆ ئەو خەڵاتە کاندید کردووە).

مەبەست لەم ئاماژەکردنەی ئێمە بۆ ئەو ستاندە جیهانیانەی ئاستی حوکمڕانی پێی هەڵدەسەنگێنرێت، دیسان بۆ کردنەوەی کەناڵێکی وتوێژ و دیالۆگی مۆدێرنانەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی حکومرانی وڵاتی خۆمانی پێ هەڵبسەنگێنین و بزانین چۆن لەگەڵ حکومرانی وڵاتی خۆمان مامەڵە دەکەین.

لەم روانگەیەوە لەو بازنە داخراوە دێنە دەرەوە، کە رەخنەی بێبنەما و نازانستی بگرین، لە کونی دەرزییەوە سەیری حکومەتی خۆمان ناکەین.

## پێناسەی حکومرانی به ستاندەری جیهانی

پێشتر ئێمە وەك گوڵان پێمان وابوو، پێویست نییە لە پێناسەی حوکمڕانییەوە دەست پێبکەین، بەڵام کاتێك لەسەر ئەو قسانە رادەوەستین کە بەناوی رەخنە لە حوکمڕانی کوردستان دەگیرێت، هەست دەکەین کەڵچەری حکومرانی نەك هەر تێکەڵاوی تاکەکانی وڵاتی ئێمە نەبووە، بەڵکو هەست دەکەین ئەوانەش کە بوونە دەمراست و بە ناوی ئۆپۆزسیون یان دژە دەسەڵات رەخنە دەگرن کەم تازۆر لەسەر بنەمای حکومرانی رەخنە لە حکومەت ناگرن، بێگومان ئێمە لەم راپۆرتە روومان لەو کەسانە نییە کە بە ناوی خوازراو ئەو پەری قسەی ناشرین و ناوناتۆرە لە سایتەکان بڵاودەکەنەوە، بەڵکو ئەم راپۆرتە هەوڵێکە بۆ خستنە رووی چەند بنەمایەکی جیهانی بۆ ئەوەی ببێتە زەمینەیەك بۆ موناقەشەکردنێکی سەردەمیانە، هەروەها ئامانج لە راپۆرتە بەرگریکردن نییە لە حکومەت و دامودەزگاکانی، لەبەر ئەوەی پێمان وایە حکومەت و دامودەزگاکانی لە کایەی هەڵسەنگاندییان بەرەو حکومرانی باش هەموو کات لە بەراوردکردنی بەردەوامدا دەبن لەگەڵ ستاندەرە نێودەوڵەتییەکان و، ئاستی بەرەو پێشەوەچوون و پەرەپێدان بە پێی ئیمکانیەت و باردۆخی بابەتی وڵات و بەشداری توخمەکانی دیکە و ئاستی هۆشیاری سیاسیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاکان و پارتە سیاسییەکان دەبێت هەڵبسەنگێنرێن.

ناکرێت وڵاتێك لە قۆناخی بونیادنانەوەدا بێت ئاستی گەشەکردنی ئابوریەکەی بە ستاندەری ژاپۆنی یان کۆریی یان تەنانەت چینیش بەراورد بکرێت، ناکرێت ئاستی بەشداری خەڵك لەگەڵ حکومەت و بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوە بەئاستی بەشداری وهاریکاری خەڵکی ژاپۆن و ئەڵمانیای دوای شەڕی جیهانی دووەم بەراورد بکرێت، بۆچی ؟ لەبرە ئەوەی خەڵکی ئەڵمانیا وژاپۆنی دوای شەری دووەمی جیهانی پێشتر خاوەنی دەوڵەت و حکومرانی بوون و بە بنەماکانی حکومرانی و چۆنیەتی بونیادنانەوە و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی نەتەوەی خۆیان نامۆ نەبون، لەوانەیە ئەزموونێکی نزیکتر باشتر لە مەبەستەکەمان نزیك بکاتەوە، دەوڵەتی کوەیت کە



**ناکرێت وڵاتێک لە قۆناخی بونیادنانەوەدا بێت ئاستی گەشەکردنی ئابوریەکەی بە ستاندەری ژاپۆنی یان کۆریی یان تەنانەت چینیش بەراورد بکرێت، ناکرێت ئاستی بەشداری خەڵک لەگەڵ حکومەت و بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوە بەئاستی بەشداری وهاریکاری خەڵکی ژاپۆن و ئەڵمانیای دوای شەڕی جیهانی دووەم بەراورد بکرێت**



ماوەی نزیکەی ٦مانگ داگیرکراو بوو، دەکرێت بڵێین لەماوەی ئەو ٦ مانگەدا هێندەی ٦٠ساڵ رووبەڕووی وێرنکاری بووەوە و ئەگەر عێراق بۆماوەی ٦٠ ساڵیش لە کوەیتدا بمایەوە هەرهێندەی ئەو ٦ مانگە کاولکاری دەکرد، بەڵام دوای رزگارکردنی کوەیت لەلایەن هاوپەیمانەوە، کوەیت بە ماوەیەکی کەم توانی ئاسەواری کاولکارییەکە بسڕێتەوە، بەڵام ئەوە ٥ ساڵە عێراق ئازاد کراوە تا ئێستاش نەتوانراوە عێراق وەك ساڵی ٢٠٠٣ لێبکرێتەوە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە عێراقیەکان خۆیان بە خاوەنی ناسنامەیەکی نیشتمانی لە عێراقدا نازانن، ئەم مەسەلەیە لە کوردستان بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق باشترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەی لە کوردستان حوکمڕانی دەکات فاکتەری باشتری لەبەردەستە، لەوانە گەلی کوردستان بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق خۆی بە خاوەنی ناسنامەیەکی نیشتمانی دەزانێت، حکومەتی کوردستان بە نوێنەری خۆی دەزانێت، هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان بە هەرەشە بۆسەر ئایندەی خۆی دەزانێت، هەربۆیە سەیر دەکەین ئاستی حکومرانی کوردستان لە ئاستی حکومرانی عێراق باشترە و عێراقیەکان و جیهانیش ناتوانن ئەم راستییە بشارنەوە، بەڵام بەراوردکردنی ئەم واقیعە بە تایوانی خاوەنی نزیکەی ٥٠ ساڵ ئەزموونی بونیادنانەوە، یان کۆریای باشوری خاوەنی ئەزموونی ٤٠ ساڵی سیمائۆل، ئەمە خۆ هەڵخەڵەتاندنە، هەربۆنموونە شەری کۆریا لە ساڵی ١٩٥٣ کۆتایی هاتووە، بەڵام بزاڤی سیمائۆل لە ساڵی ١٩٧١ دەستیپێکردووە، هەربۆیە ئەگەر ئێمەش یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەسپێکی هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادناوەی کوردستان دابنێن، تەنها پاراستنی ئەو یەکریزی و یەکبوونەی نێوان پارتی و یەکێتی و نەهێشتنی درز و کەلێنی ٤٠ ساڵەی نێوان پارتی ویەکێتی و رێکخستنەوەی تواناکانی هەردوولا لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەباشی بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و پاشان رازیبوونەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ بەردەوامی بەرێز نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی بەرێز نێچیرڤان بارزانی بنەمایەکی هاوچەرخانەی بۆ حکومرانی دامەزراندووە و ئەو هێندەی مەبەستیێتی ئەم بنەمایە جێگەی خۆی بگرێت و ببێتە بنەما بۆ حکومرانی باش لە کوردستان، هێندە مەبەستی ئەوە نیە کە سەرۆکی حکومەت بێت یان نە هەر بۆیە زۆر گرنگە میدیاکانی کوردستان هۆکاری ئەوەبن کە بەردەوام ئەم حوکمڕانییە لەکایەی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ستاندەرە جیهانیەکاندا بێت. لەم رووەوە چەند پێناسەیەك ئاماژە پێدەکەین:

- کوفی ئەنان سکرتێری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتوەکان دەڵێت: (دەکرێت بڵێن حکومرانی باش هۆکاری تەنها و سەرەکیە بۆ گەشەسەندن و کەمکردنەوەی هەژاری).
- ئاژانسی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکانیش لە پێناسەیەکی



●●●

**کوەیت کە ماوەی نزیکەی ٦مانگ داگیرکراو بوو، دەکرێت بڵێین لەماوەی ئەو ٦ مانگەدا هێندەی ٦٠ ساڵ رووبەڕووی وێرنکاری بووەوە و ئەگەر عێراق بۆماوەی ٦٠ ساڵیش لە کوەیتدا بمایەوە هەرهێندەی ئەو ٦ مانگە کاولکاری دەکرد، بەڵام دوای رزگارکردنی کوەیت لەلایەن هاوپەیمانەوە، کوەیت بە ماوەیەکی کەم توانی ئاسەواری کاولکارییەکە بسڕێتەوە، بەڵام ئەوە ٥ ساڵە عێراق ئازاد کراوە تا ئێستاش نەتوانراوە عێراق وەک ساڵی ٢٠٠٣ لێبکرێتەوە**

●●●

●●●

**ئاستی حکومرانی کوردستان لە ئاستی حکومرانی عێراق باشترە و عێراقیەکان و جیهانیش ناتوانن ئەم راستییە بشارنەوە، بەڵام بەراوردکردنی ئەم واقیعە بە تایوانی خاوەنی نزیکەی ٥٠ ساڵ ئەزموونی بونیادنانەوە، یان کۆریای باشوری خاوەنی ئەزموونی ٤٠ ساڵی سیمائۆل، ئەمە خۆ هەڵخەڵەتاندنە**

●●●



تەنها پاراستنی ئەو یەکریزی و یەکبوونەی نێوان پارتی و یەکێتی و نەهێشتنی درز و کەلێنی ٤٠ ساڵەی نێوان پارتی ویەکێتی و ڕێکخستنەوەی تواناکانی هەردوولا لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەباشی بۆ دەستاوەدەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و پاشان ڕازیبوونەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ بەردەوامی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بنەمایەکی هاوچەرخانەی بۆ حکومرانی دامەزراندووە و ئەو هێندەی مەبەستێتی ئەم بنەمایە جێگەی خۆی بگرێت و ببێتە بنەما بۆ حکومرانی باش لە کوردستان، هێندە مەبەستی ئەوە نیە کە سەرۆکی حکومەت بێت یان نە

فراوانتـــردا دەڵێت (حوكمڕانی باش بەوە جیادەكرێتەوە، كە هاوڵاتیان بەشـــداری دەكەن و شەفافە و، لێپرســـینەوەی هەیە، هەنگاوەكانی كاریگەرە، پشتیوانی سەروەریی یاسا دەكات، ئەولەویاتی سیاسەتی كۆمەڵایەتـــی و ئابوری خـــۆی بەپێی تەوافقی نـــاو كۆمەڵگە دادەرێژێت، كاتێك بریـــار وەردەگرێت بەرژەوەندی توێژە هەژارەكانی كۆمەڵگە لە بەرچاو دەگرێت).

• بانكی دراوی نێو دەوڵەتیش IMF بەمجۆرە پێناسەی حكومرانی بـــاش دەكات ( زارەوەی حكومرانی كۆمەڵێـــك مانای جیاواز لە وڵاتانی جیاوازدا دەگرێتەوە، بـــەڵام بانكی نێودەوڵەتی حوكمڕانی بـــاش بەو جورە دەبینێت كە هەر دەســـەڵاتێك بتوانێت ســـەرچاوەی ئابوری و كۆمەڵایەتـــی وڵاتەكەی بۆ پەرەپێدان بەگەر بخات ئەوە حوكمڕانیەكی باش پیادە دەكات. بەم مانایەش چەمكی حوكمڕانی لەگەڵ پرۆسەی پەرەپێدان یەكدەگرێتەوە، بە هەردوو كەرتی گشتی و تایبەتیشەوە.

بێگومان هەم ڕێكخراوەكانی ســـەر بەنەتەوە یەكگرتووەكان هەمیش بانكی نێودەوڵەتی و هەروەها دەوڵەتانی بەخشـــەریش كە هاوكاری دەوڵەتانی تازە پێگەیشـــتوو دەكەن و ئەگەر وڵاتێك ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت ئامادەنابن هاریكاری لە گەڵدا بكەن. كەواتە:

• كاتێـــك دەبینیـــن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی ئامادەیە هاریكاری حكومەتـــی هەرێمی كوردســـتان بكات لە پێناوی گەشـــەپێدانی زیاتر.

بانکی نێودەوڵەتی حوکمڕانی باش بەو جورە دەبینێت کە هەر دەسەڵاتێک بتوانێت سەرچاوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی بۆ پەرەپێدان بەگەر بخات ئەوە حوکمڕانیەکی باش پیادە دەکات

• كاتێـــك دەبینین بانكە جیهانییەكان ئامادەن قەرزی درێژخایەن بە بێ سوود بدەن بە حكومەتی كوردستان.

• كاتێـــك دەبینن حكومەتی كۆریای باشـــور ئامادەیە بەبری ١٠ ملیـــار دۆلار وەبەرهێنانی نەوت لە كوردســـتاندا بكات و ئەم ١٠ ملیار دۆلارەش لەبەشە داهاتی ئەو نەوتە بدرێتەوە كە بەر كوردستان دەكەوێت.

• كاتێـــك دەبینن هەموو دەوڵەتە دیار و گەورەكانی جیهان ئامادەن كونسوڵخانەی خۆیان لە هەرێمی كوردستان بكەنەوە.

• كاتێـــك دەبینـــن هەموو جیهان هەولێـــر وەك پایتەختی ئابووری عێراق سەیر دەكات و وەك هەنگاوی یەكەم لە هەولێرەوە بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق بكەن.

• كاتێك دەبینین دەوڵەتانی دراوســـێی هەرێـــم وێڕای ئەوەی بەو كیانەی دروست بووە دڵخۆش نیین، بەڵام سورن لەسەر درێژە پێدانی پەیوەندییە ئابووری بازرگانییەكان و ئامادەشن هەنگاوی كرانەوە لە پەیوەندییە سیاسیەكاندا هەڵبگرن.

دەبێت ئاستی بەشداری ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسیەكان ورۆڵی میدیا بچێتە ئاستێكی باڵاتر، بە تایبەتی دەبێت هەمـــوو هەوڵەكان بـــۆ ئەوەبن كە حكومرانـــی تەكامول بكەن نەك هەوڵبدەن حكومرانی نەهێڵن، هەربۆ نموونە:

١. دەبێـــت میدیـــای ئازاد چۆن داوای شـــەفافیەت لە حكومەت دەكات و دەیەوێت سەرچاوەی زانیاری لەبەردەمیدا كراوەبێت، دەبێت





به‌ هه‌مان ئاســـت رووی له‌ خه‌ڵكیش بێت بۆ ئه‌وه‌ی به‌شداری بكه‌ن و ببنه‌ به‌شـــێك له‌ پرۆســـه‌ی په‌ره‌پێدان، هه‌روه‌هـــا ده‌بێت به‌رده‌وام ئه‌و راســـتیه‌ بۆ خه‌ڵك روونبكاته‌وه‌ مه‌ســـه‌له‌ی به‌شـــداری ته‌نها سوودمه‌ندبوون نییه‌ له‌ پرۆسه‌كه‌، به‌ ڵكو بۆئه‌وه‌یه‌ سه‌رمایه‌ی توانا مرۆییه‌كان ببێته‌ هۆكاری هه‌ڵســـورێنه‌ری په‌ره‌پێدان، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م ســـه‌رمایه‌ گه‌وره‌یه‌ی توانای مرۆیی خۆشمان كاریگه‌ر بێت ده‌بێت میدیـــای ئازاد كاریگه‌ر بێت به‌وه‌ی تواناكان به‌شـــێوه‌ی دامه‌زراوه‌ یـــان گروپه‌كانی رێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵگـــه‌ی مه‌ده‌نی و رێكخراوه‌ پیشه‌ییه‌كان رێكبخرێن وه‌ك:

- یه‌كێتی یه‌ بازرگانییه‌كان
- ژووره‌كانی بازرگانی
- رێكخراوه‌ ناحكومیه‌كان NGOs
- پارته‌ سیاسیه‌كان

میدیا ده‌بێت حوكمڕانی به‌ ئه‌رك وماف پێناســـه‌ بكات، چۆن دوای مافـــی هاووڵاتیان له‌ حكومه‌ت ده‌كات ده‌بێـــت هانده‌ریش بێت بۆ هاوڵاتیان بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌ركه‌كانی خۆیان جێبه‌جی بكه‌ن.

٢. میدیا ده‌بێت ده‌ســـكه‌وتنی زانیاری و هه‌وڵدان بۆ بڵاوكردنه‌وه‌ی به‌و شێوه‌یه‌ بێت كه‌ ببێته‌ فاكته‌رێك بۆ فراوانكردنی كه‌رتی تایبه‌ت و زه‌مینه‌ی له‌بار بۆ دروســـتكردنی بڕیاری ته‌ندروســـت له‌ كه‌رتی تایبه‌ت بره‌خسێنیت.

٣. پێویسته‌ میدیا و رێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی ئاماژه‌ به‌ ئاســـتی گه‌شـــه‌پێدان بكه‌ن، ئێمه‌ ناڵێین ئه‌م گه‌شه‌پێدانه‌ به‌ دوایین هه‌نگاو له‌ قه‌ڵه‌م بده‌ین، به‌ڵكو پێویســـته‌ ئاستی گه‌شه‌ پێدان به‌پێی هه‌لومه‌رجی بابه‌تی و خودی به‌راورد بكه‌ین، ئه‌وه‌ له‌ رای گشـــتی نه‌شـــارینه‌وه‌ كه‌ گه‌شـــه‌كردن هه‌بووه‌، ده‌بێت میدیا و رێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی و پارته‌ سیاســـیه‌كان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ ره‌خنه‌ بگرن هه‌ر بۆنمونه‌: ئاستی گه‌شـــه‌كردن ٢,٥٪ بووه‌ له‌ كوردستان، ده‌بێت موناقه‌شه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ بكرێت ده‌كرا ئه‌م رێژه‌یه‌ له‌ ٪ ٤-٥ بێت، به‌ڵام میدیا یان پارته‌ سیاســـیه‌كان بێن به‌و شێوه‌یه‌ رای گشتی بوروژێنن كه‌ هیـــچ نه‌كراوه‌، ئه‌مه‌ نابێته‌ ره‌خنه‌و پرۆســـه‌ی میدیای ئازاد و ئۆپۆزسیۆن، ئه‌مه‌ ده‌بێته‌ چه‌مكێكی شۆرشگێرانه‌ی كلاسیكی كه‌ ئامانجی رووخاندنی سیسته‌مه‌كه‌یه‌ نه‌ك گۆڕانكاری و به‌ره‌و پێشه‌وه‌ بردنی حوكمڕانی.

٤. زۆر له‌ پارته‌ سیاســـیه‌كان (بێجگه‌ له‌ پارتی و یه‌كێتی ئه‌ویش به‌ حكومی ئه‌وه‌ی پارتی ویه‌كێتی به‌رپرســـیاریه‌تیه‌ مێژوویه‌كه‌یان له‌ســـه‌ر شـــانه‌ كه‌ مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ باردۆخی كوردســـتان ده‌كه‌ن و ده‌یانه‌وێت شه‌ری ده‌سه‌ڵات درێژه‌ پێبده‌ن، باردۆخی بابه‌تی هه‌رێمی كوردســـتان له‌ خه‌ڵكی ده‌شارنه‌وه‌، گه‌وره‌ترین كێشه‌ی ساڵی رابردوو له‌سه‌ر گرێبه‌ســـتیه‌ نه‌وتیه‌كانی كوردستان بوو، به‌ڵام كه‌ په‌رله‌مان داوای له‌ حكومه‌ت كرد یاســـای نه‌وت و گاز و پاشانیش تێكڕای گرێبه‌ســـته‌كان له‌ په‌رله‌مان موناقه‌شه‌ی له‌سه‌ر بكرێت حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان ئاماده‌بوو هه‌م یاساكه‌ له‌ ناو

●●●
**میدیا ده‌بێت حوكمڕانی به‌ ئه‌رك وماف پێناسه‌ بكات، چۆن دوای مافی هاووڵاتیان له‌ حكومه‌ت ده‌كات ده‌بێت هانده‌ریش بێت بۆ هاوڵاتیان بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌ركه‌كانی خۆیان جێبه‌جی بكه‌ن**
●●●

●●●
**بۆنمونه‌: ئاستی گه‌شه‌كردن ٢,٥٪ بووه‌ له‌ كوردستان، ده‌بێت موناقه‌شه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ بكرێت ده‌كرا ئه‌م رێژه‌یه‌ له‌ ٪ ٤-٥ بێت، به‌ڵام میدیا یان پارته‌ سیاسیه‌كان بێن به‌و شێوه‌یه‌ رای گشتی بوروژێنن كه‌ هیچ نه‌كراوه‌، ئه‌مه‌ نابێته‌ ره‌خنه‌و پرۆسه‌ی میدیای ئازاد و ئۆپۆزسیۆن**
●●●





پەرلەمان موناقەشەی لەسەر بکرێت، پاشتریش وەزیری سەرچاوە سروشتیەکان هەموو کۆنتراکتەکانی بۆ پەرلەمانتاران ئاشکرا کرد، ئەوەی لەم دیاردە تێبینیمان کرد مەسەلەکە ئەوەنییە کە بەڵگە و دیکۆمێنێت لەبەر دەست بن و گەندەڵی کۆنتراکتەکان ئاشکرا بکەن، بەڵکو مەسەلەکە تەنها بۆ ئەوەبوو موناقەشەکە بکرێت و هەندێك ئاستەنگ بۆ حکومەت دروستبکرێت، بەرێز مام جەلال سەرکۆماری عێراق وسکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە گەیشتە قەناعەت ئەو موناقەشانە زیانی بۆ بەرژەوەندی باڵای هەرێمی کوردستان هەیە، رۆڵی خۆی گێڕاو لە ئاستێکدا رایگرت، ئەمە لە کاتێکدا بوو حکومەتی عێراق نەك هەر ئەو یاسایەی بە هەوڵێك بۆ دوژمنایەتی عێراق لە قەڵەمدەدا، بە ڵکو ئەو رەشنوسەی یاسای نەوت وگازی عێراقیش کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا لەسەری رێککەوتبوون ناوەرۆکەکەی شوێنراو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو یاسایە گەورەترین کێشەیە لە نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەربۆیە کاتێك دەبینین ئاستی ئەدا و رەخنەی میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتەسیاسیەکان بەو ئاراستەیە نییە کە هۆکار و یارمەتیدەربێت بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدان،دەبێت فەزایەکی تەندروست بۆ لێکتێگەیشتن و پێناسەی چەمکەکانی حکومرانی بکەینەوە.

٥. لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە دەکرێت وەك نموونەی سەرکەوتوو لە پرۆسەی پەرەپێدان ئاماژەیان پێبکەین، دەبینین رۆڵی میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسیەکان، تارادەیەکی بەرچاو لە رۆڵی میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئێمە جیاواز ترن، هەربۆنمونە ئێستاش هەموو ئەڵمانیەك شانازی بەو قسەیە دەکات کە سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیا دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئاراستەی گەلی ئەڵمانیای کردووە و پێی گوتون: حکومەتەکەتان ناتوانێت لە ئێستادا تەنانەت داری کریسمیستان بۆ پەیدا بکات.واتە پێویستە گەلی ئەڵمانیا بەشدار بێت بۆ هەڵسانەوەی حکومەتەکەی خۆی. زۆریش لەو پسپۆرە ئەڵمانیانەی ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان دیمانەمان لەگەڵدا کردون سەبارەت بە کاریگەری پرۆژەی مارشاڵ پرسیارمان لێکردون، لە وەڵامدا پێیان گوتوین راستە پرۆژەی مارشاڵ هەنگاوێکی یارمەتیدەر بوو بۆ هەستانەوەی ئەڵمانیا بەڵام هەمووشی ئیجابی نەبوو، یەکێك لە سلبیاتەکانی ئەوەبوە، کە نەیهێشت بەتەواوی ئەڵمانیەکان پشت بە توانای خۆیان ببەستن.

سەرنجبدەن لە وڵاتی ئێمە میدیا وپارتە سیاسیەکان لەبری ئەوەی خەڵك هانبدەن بۆ کارکردن و داهێنان و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و فراوانکردنی کەرتی تایبەت، کەچی دەبینن خەڵك هاندەدەن بۆ دورکەوتنەوە لەبەشداری و کارکردن لە کەرتی تایبەت و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان، کە ئەمانە دەڵێین بێگومان ئەوە واقیعی کۆمەڵگەی ئێمەیە هەربۆنموونە:

●●●

**هەموو ئەو وڵاتانەی کە دەکرێت وەک نموونەی سەرکەوتوو لە پرۆسەی پەرەپێدان ئاماژەیان پێبکەین، دەبینین رۆڵی میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسیەکان، تارادەیەکی بەرچاو لە رۆڵی میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئێمە جیاواز ترن، هەربۆنمونە ئێستاش هەموو ئەڵمانیەک شانازی بەو قسەیە دەکات کە سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئاراستەی گەلی ئەڵمانیای کردووە و پێی گوتون: حکومەتەکەتان ناتوانێت لە ئێستادا تەنانەت داری کریسمیستان بۆ پەیدا بکات.واتە پێویستە گەلی ئەڵمانیا بەشدار بێت بۆ هەڵسانەوەی حکومەتەکەی خۆی**

●●●

●●●

**لە وڵاتی ئێمە میدیا وپارتە سیاسیەکان لەبری ئەوەی خەڵک هانبدەن بۆ کارکردن و داهێنان و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و فراوانکردنی کەرتی تایبەت، کەچی دەبینن خەڵک هاندەدەن بۆ دورکەوتنەوە لەبەشداری و کارکردن لە کەرتی تایبەت و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان، کە ئەمانە دەڵێین بێگومان ئەوە واقیعی کۆمەڵگەی ئێمەیە**

●●●





أ- هیچ پارتێکی سیایی و هیچ گروپێك هەتا ئێستا پرۆژەیەك یان داوایەکی بەرزنەکردۆتەوە، بەوەی پێویستە توانا مرۆیەکانی کوردستان باشترین سەرمایەی بونیادنانەوە بێت و پێویستە هەوڵبدرێت ئەو توانایانە لە هەموو روویەکەوە بە تایبەتی لەرووی بەڕێوەبردنی کارگێری، ئامادەکردن بۆ کاری نوێ، بایەخدان بە کوالیتی و چاودێری پرۆژەکان ئامادەبکرێن و خولی مەشق و راهێنانی بەردەوامیان بۆ بکرێتەوە، راستە تەنها لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە دەیان و سەدان خولی جۆراو جۆر لەسەر ئاستی کارگێری و هونەری و کوالیتی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان کراونەتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە تەنها لە چوار چێوەی بەرنامەی حکومەت بووە، میدیا و پارتە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەك هەر هاندەر نەبوون بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی، بەڵکو ئەو هەوڵانەشیان وەك دیاردەیەکی تەندروست پیشانی رای گشتی نەداوە.

ب- لە هەموو ئەو وڵاتانەی لە پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدان سەرکەوتووبن، میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاندەر و هۆکار بوون بۆ فراوانکردنی کەرتی تایبەت و مافی موڵکداریەتی تایبەت و چەسپاندنی سەروەری یاسا، بەڵام لە وڵاتی ئێمە هەر میدیاکارانی کوردستان لە ٨٠٪ زیاتریان بە ناو فەرمانبەری حکومەتن و رەخنەش لە حکومەت دەگرن، لە کاتێکدا دەبوو میدیا کاران بە تایبەتی ئەوانەی بانگێشە بۆ میدیای ئەهلی و ئازاد دەکەن مەرجی پێشوەختەیان ئەوەبوایە نابێت میدیاکارانیان فەرمانبەری حکومەت بن، هەتا ئێستا نە میدیا و نە پارتە سیاسیەکان و نە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وپیشەییەکان پرۆژەیەکیان نییە بۆ فراوانکردنی کەرتی تایبەت و تەرشیقکردنی کەرتی گشتی یان حکومەت، بە پێچەوانەوە ئەوانەی خۆیان بە پێشەنگی ریفۆرم و گۆڕانکاری دەزانن، هەموو هەوڵێکیان بۆتە ئەوەی کە خەڵك تەنها پشت بە حکومەت ببەستێت و موچەی بۆ دابین بکات و کەرتی تایبەتیان بەجێهێشتووە بە ئارەزوی خۆی رەفتار دەکات.

ت- تێکرای میدیاکان بە میدیای حزبەکانیشەوە، مەسەلەی ریکلام بەوە تێگەیشتون کە هەندێك پارەیان لە چەند کۆمپانیایەك دەست بکەوێت، تەنها بۆ ئەوەی پارەی رێکلامەکانیان نەبڕێت، هیچ میدیایەك نەهاتووە گەندەڵیەکانی کەرتی تایبەت ئاشکرا بکات، نەیانتوانیوە ئاستێك بۆ کرینی هەرزانی توانای کار لەلایەن ئەو کۆمپانیانەوە ئاشکرا بکەن و ئەم کەرتە گرنگە رێکبخەن.

ئەم خاڵانەی وروژاندومانن بۆئەوەیە هەموو لایەك پرۆسەی حکومرانی بەرەو تەکامول ببەین. خۆمان لەبەرەیەك سەیر نەکەین و حکومەتیش لەبەرەیەکی دیکە.

بۆ زیاتر هەلوەستەکردن لەسەر چەمکەکانی حکومرانی و حکومرانی باش و ئەرك و مافی هاوڵاتی و رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا و پارتە سیاسیەکان چەندین پسپۆر لەسەرانسەری جیهان بەشداریان کردوین کەئەمە بۆچونەکانیانە.



لە هەموو ئەو وڵاتانەی لە پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدان سەرکەوتووبن، میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاندەر و هۆکار بوون بۆ فراوانکردنی کەرتی تایبەت و مافی موڵکداریەتی تایبەت و چەسپاندنی سەروەری یاسا

هەتا ئێستا نە میدیا و نە پارتە سیاسیەکان و نە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وپیشەییەکان پرۆژەیەکیان نییە بۆ فراوانکردنی کەرتی تایبەت و تەرشیقکردنی کەرتی گشتی یان حکومەت

**ئیدوارد ناتان وۆلف:**

# بوونیادی ژێرخانێکی سەقامگیر هۆکاری سەرکەوتنی پڵنگەکانی ئاسیا بووە

**بوونی حکومەتێکی سەقامگیر و دابینکردنی ئاسایش و بوونی هێزی کار کە خاوەنی ئاستێکی باشی پەروەردە بن هۆکار و پێکهاتەی گرنگن بۆ گەشەپێدانی ئابووری**

**زۆربەی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەل و مەرجی پڕ لە ئاسایش و سەقامگیری پێکهاتەیەکی گرنگە لە هێنانەدی گەشەپێدانێکی سەرکەوتو لە بواری ئابووریدا**

**کەرتی تایبەتیش ڕۆڵی خۆی هەیە لە شێوەی وەبەرهێنانی دەرەکی ڕاستەوخۆدا کە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت پێی هەڵدەستن، ئەمەش سەرچاوەیەکی گرنگە لە پەرەپێدانی ئابووری لە وڵاتانی تازە گەشەکردوودا**

*** وڵاتان لەدوای شەڕ و لە دەسپێکی قۆناخی بونیادنانەوە تەنها لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتوو نین، بەڵکو لە ڕووی توانا مرۆییەکانیشەوە لاوازن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن حکومەت دەتوانێت ئامادەکاری بکات بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزرای وەبەرهێنەکان بۆ وڵاتەکە؟**

- لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو کە بوونی حکومەتێکی سەقامگیر و دابینکردنی ئاسایش و بوونی هێزی کار کە خاوەنی ئاستێکی باشی پەروەردە بن هۆکار و پێکهاتەی گرنگن بۆ گەشەپێدانی ئابووری..مەبەستم ئەوەیە دەبێت هێزی کار بەلای کەمەوە کەمترین ئاستی پەروەردەیان هەبێت، مەرج نییە کۆلێژیان تەواو کردبێت، بەڵکو دەبێت قۆناغە سەرەتاییەکانیان تەواو کردبێت و خوێندنەوە و نووسین بزانن، کەواتە پەروەردە پێکهاتەیەکی گرنگە لەم ڕووەوە و ئەمە ستراتیژیەتێکی درێژخایەنە، هەروەها دووبارەی دەکەمەوە وەبەرهێنانی دەرەکیش گرنگی خۆی هەیە و هۆکارێکی گرنگە.



**ئیدوار ناتان وۆلف ئوستادی ئابوورییە لە زانکۆی نیویۆرک و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارێکی ئابوورییە کە بە ناوی داهات وسامان (Income and Wealth)لە نیویۆرک بڵاودەبێتەوە،پسپۆر و تایبەتمەندە لە ئابووری مارکسییەت و ئابووری سیاسیی و سەقامگیری ئابووری، پرۆفیسۆر وۆلف ئەندامی یەکێتی زانا ناودارەکانی ئەمەریکایە و یەکێکە لەو پسپۆرە ئابووریانەی کە بەردەوام هەوڵەکانی بۆ دارشتنی پلانی تازەیە بۆ گەشە پێدان و وەبەرهێنان وەك ئەو بەرنامەیەی بە ناونیشانی**

**(Models of Production and Exchange in the Works of Adam Smith and David Ricardo).**

**مۆدیلەکانی بەرهەمهێنان وئاڵوێڕ لە کارەکانی ئەدەم سمیس و داڤید ریکاردۆدا، سەبارەت بە ڕەوشی پەرەپێدان و ئاستەنگەکانی قۆناخی بونیادنانەوە پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر وۆلف کردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

***چۆن دەتوانین حوکمڕانێتیەکی سەرکەوتوو لە ڕەوشێکی ئاوادا بەرقەرار بکەین، واتە لەسەرتای پرۆسەی گەشەپێداندا؟**

- ئەو وڵاتانەی توانیویانە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو قۆناغی ئینتیقالی تێپەڕێنن و لە وڵاتێکی کەمتر گەشەکردووە ببنە وڵاتێك کە ئاستێکی بەرزی گەشەکردنیان هەبێت وەك تایوان، کۆریای باشوور و هۆنگ کۆنگ، پڵنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کە مەرج نییە حکومەتەکانیان حکومەتی دیموکراسی بن، بەڵام توانیان ژێرخانێکی سەقامگیر بنیات بنێن، هەم لە ڕووی دامەزراوەکان و هەم لە ڕووی پەروەردەوە کە کەشێکی گونجاوی بۆ وەبەرهێنان ڕەخساند، هەروەها پەرەیان بە هەناردەکردن (تصدیر) دا و لە ڕێی ڕێکخستنی باج و گومرگەوە توانیان کەرتی پیشەسازی وڵاتەکانیان بپارێزن.

***ئەی ئاسایش و سەقامگیری ڕۆڵی چی دەبێت؟**

- زۆربەی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەل و مەرجی پڕ لە ئاسایش و سەقامگیری پێکهاتەیەکی گرنگە لە هێنانەدی گەشەپێدانێکی سەرکەوتو لە بواری ئابووریدا.

***بەڵام لێکۆلینەوە نێودەوڵەتیەکان هاریکاری دەرەکیش فەرامۆش ناکەن، ئایا ئەو حاڵەتانە چین کە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان دەتوانن کۆمەك و یارمەتی دەرەکی بەدەست بهێنن؟**

-بە دوو شێوە دەتوانن ئەو یارمەتیانە بەدەست بهێنن، یەکەمیان لە ڕێی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە، دووهەمیان لە ڕێی وڵاتە کۆمەك بەخشەکانەوە وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، فەرەنسا و سوید، ئەمانە پێکهاتەی گرنگن لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئابووریدا. لە لایەکی دیکەوە کەرتی تایبەتیش ڕۆڵی خۆی هەیە لە شێوەی وەبەرهێنانی دەرەکی ڕاستەوخۆدا کە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت پێی هەڵدەستن، ئەمەش سەرچاوەیەکی گرنگە لە پەرەپێدانی ئابووری لە وڵاتانی تازە گەشەکردوودا.

***حکومەت چۆن دەتوانێت کەرتی تایبەت فراوانبکات و کەرتی گشتی تەرشیق بکات و خەڵك هانبدات بۆ کارکردن و داهێنان؟**

- ڕەنگە حکومەت بتوانێت لە ڕێی گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی لە دەرەوەن و خاوەنی شارەزای و ئەزمونن لە کەرتی پیشەسازیدا بۆ وڵاتەکە بتوانێت ئەم کارە بکات و ئەم ئامانجە بهێنێتەدی، بۆ نموونە هەندێك لە خەڵکی کۆریای باشوور لە ئەمەریکا گەڕانەوە و شارەزای و مەعریفەی و ئەزمونی ئەمەریکای هێنایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان.

*** دەبێت هەنگاوی سەرەتای بۆ ئێمە چی بێت و دەبێت لە کوێوە دەست پێ بکەین؟**

- من پێشنیاری ئەوە دەکەم حکومەتەکەتان هەڵبستێت بە دەستنیشانکردنی ئەو کەرت و پیشەسازیيانەی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت کە گەشەبکەن و حکومەت هەڵبستێت بە پەرەپێدانیان بۆ نموونە لە ڕێی دابینکردنی سەرمایەوە بێت یاخود هەر ڕێیەکی دیکەوە.



جیم باتەرفیڵد:

# سیستمی حوکمڕانی باش بریتییە لەو سیستمەی که هەڵدەستێت بە پەرەپێدانی ئاشتی و خۆشگوزەرانی

• • •

*** پێناسەی سیستمی حکومڕانی باش چییە؟ چ کاتێك دەتوانین ئەو حوکم بدەین کە سیستمی حکومڕانی باش پەیڕەو کراوە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی سیستمی حکومڕانی باش بریتییە لەو سیستمەی کە هەڵدەستێت بە پەرەپێدانی ئاشتی و خۆشگوزەرانی. ئەمە لێکدانەوەیەکە کە لە زۆربەی تیورە سیاسییەکاندا ناکۆکی لە سەر نییە، لە کەلتوری ڕۆژئاوادا بێت یاخود لە کەلتوری ڕۆژهەڵات. بۆ نموونە، کۆنفیوشەس، تێڕوانینەکەی بۆ حکومڕانێتی باش لە سەر چوار بنەما بنیات ناوە:

ا-حکومڕان پێویستی بەوە نییە بە شێوەیەکی سەخت هەڵبستێت بە سەپاندنی یاسا بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی، ب- دەبێت کۆمەڵگەی ژێر دەستی ئەو حوکمڕانە کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز و ئارام بێت.

ج- دەبێت دانیشتوانی وڵاتەکە متمانەیان بەو کەسانە هەبێت کە سەرکردەن و لە پێگەی دەسەڵاتدان. د-دەبێت ئەوانەی لە پێگەی دەسەڵات و سەرکردایەتیدان دڵسۆز بن بۆ بەرپرسەکانی سەرەوە و هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە ئەمان لێیان بەرپرسیارن.

**• ئایا چ کاتێك حکومڕانی ڕووبەڕووی تەحەدا دەبێتەوە، یان ئایا تەحەداکانی بەردەم حکومرانی چین ؟**

- ئەو کاتە ڕوبەڕووی تەحەددا دەبینەوە کە بنەما ئەخلاقییە دیاری کراوەکان دەخرێنەڕوو. ئایا دەبێت تەنها یەك سیستمی ئەخلاقی هەبێت، بۆ نموونە لە ئاینەوە هەڵقوڵابێت؟ ئایا سیستمێکی ئەخلاقی هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەست بێت بە دەوڵەت و کۆمەڵگەوە و سەر بە ئاینێکی دیاری کراو نەبێت؟ بەو پێیە، ئایا دەوڵەت ڕێگە بە تێڕوانینە ئاینییە جیاوازەکان دەدات دەربارەی ئەخلاق تا ئەو کاتەی کە ئەخلاقیاتە کۆمەڵایەتییە فراوانەکان قبوڵ دەکەن و ملکەچی دەبن؟ ئەمەی دواییان بڕگەگەلێکی لەخۆگرتووە دژی کوشتن، دزیکردن، خراپەکاری، ساختەکاری و هتد.، لە کاتێکدا یەکەمیان ڕەنگە بڕگەکەلی پەیوەست بە ڕێ و ڕەسمە ئاینییەکان، ڕۆڵی ئافرەتان، جل و بەرگی گونجاو، هتد لە خۆگرتبێت. ڕێگەیەکی دیکە بۆ گوزارشتکردن لەم تەنگژەیە بریتییە لە: ئایا چەمکێکی جیهانی هەیە بۆ مافەکانی مرۆڤ کە ناکرێت « زەوت بکرێن»، کە ئەم مافە بۆ هەموو مرۆڤێك بە ڕەوا دەبینرێت تەنها بە لە دایك بوونی؟ یاخود ئایا مافەکان پەیوەستن بە سیستمێکی ئەخلاقی دیاری کراوەوە ( کە زۆرجار لە ئاینەوە سەرچاوەی گرتووە)، هەر کۆمەڵگەیەك بە شێوەیەکی تایبەتی خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. مێژوو ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو دەوڵەتانەی تەنها نوێنەرایەتی چینێکی دیاری کراوی کۆمەڵگە دەکەن، ئەوا دووچاری زەحمەتی دەبن لە خۆلادان لە توندووتیژی سیاسی، ئیتر لە شێوەی سەرکوتکاری، ڕاپەڕین یاخود شەڕدا بێت.

**• کەواتە پێوەرەکانی حوکمڕانی باش چین؟**

- ئەوەی پەیوەندی بەو پرسیارەوە هەیە کە ئایا هیچ پێوەرێك هەیە بۆ حوکمڕانێتی باش، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە پێوەرێك بکرێت کە زۆر بە بەرفراوانی بەکار دەهێنرێت. ئەویش بریتییە لە ئاماژەکانی حوکمڕانێتی کە لە لایەن بانکی جیهانی خراونەتەڕوو، کە ئەدای حکومەت لە شەش جۆردا دەخاتەڕوو:

- بەرپرسیارێتی
- سەقامگیری سیاسی و نەبوونی توندووتیژی
- کارایی حکومەت
- باشی ئەو ڕێسایانەی پیادە دەکرێن
- سەروەری یاسا
- کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی

*** زۆرێك لە شارەزیان پێیان وایە دیموکراسی باشترین نمونەیە بۆ حوکمڕانێتی باش و هەندێکی دیکەیان جیاوازی لە نێوان دیموکراسی و حوکمڕانێتی باش دەکەن، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- تێڕوانینی من بۆ دیموکراسی هاوشێوەیە لە گەڵ تێڕوانینەکەی وینستۆن چەرچڵدا، کە ووتەیەکی بە ناوبانگی هەیە ئەویش ئەوەیە کە « دیموکراسی خراپترین شێوەی حکومەتە، تەنها لەو فۆرمانەی دیکەی حکومەت خراپتر نییە کە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە پیادە کراون.» لەبەر ئەوە هەر کەسێك پشتگیری لە دیموکراسی بکات دەبێت دان بەوەدا بنێت کە سیستمێکە کەم و کوڕی هەیە. بەڵام ئایا بەدیل چییە؟ ڕوبەڕت داڵ کتێبی « دیموکراسی و ڕەخنەگرەکانی» نوسیوە، کە لەساڵی ١٩٨٩دت بڵاو کرایەوە، سەرنجی ئەوەیدا کە تەنها سێ جۆری بەرفراوان لە سیستمی حکومڕانی لە ئارادایە: فەوزەوی «ئەنارکی»، دیموکراسی و سیستمی شمولی. لە فەوزەویەتدا حکومەت نییە و ئەمەش ڕێگاچارەیەکی مومکین نییە. خەسڵەتی دیموکراسی ئەوەیە کە دەسەڵاتەکان دابەش کراون، لە نێوان بەشە جیاوازەکانی دەوڵەت و ئاستە جیاوازەکانی دەوڵەتدا ( بە تایبەتی لە سیستمی فیدراڵیدا )، هەروەها لە نێوان دەوڵەت و لایەنە سەربەخۆکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا. لە سیستمی شمولیدا دەوڵەت لە بری کۆمەڵگە کار بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە دەکات، بەڵام بە مەرجێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە لە کۆتاییدا دەوڵەت بڕیار دەدات بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە چین. ئەمە ڕاستە ئیتر فۆرمەکانی سیستمی شمولی کۆمۆنیزم، فاشیزم و حکومڕانی سەربازی، یاخود دەوڵەتێکی تاك حزبی یا تیوکراتییەتی ئایینی بێت. کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە: چڕبونەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی حەتمی سەردەکێشێت بۆ کەڵك وەرگرتنی خراپ لەو دەسەڵاتە. لەبەر ئەوە بێ دابەشکردنی دەسەڵات هیچ شتێك نییە ڕێگر بێت لەوەی ئەو سەرکردەیەی دەسەڵات دەگرێتە دەست ئەو دەسەڵاتە خراپ بەکار نەهێنێت. ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا گرنگە کە تێیدا دەوڵەتەکان خاوەنی دەسەڵاتێکی گەورەن و توانای ئەوەیان هەیە بە چەندین شێوە ڕووبچنە کۆمەڵگەوە. لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من بەڵگەکانی پشتگیری کردن لە دیموکراسی بەهێزن_ سەرەڕای کەم و کوڕیەکانیشی.

■ ■ ■

جێم باتەرفیڵد ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی وێسترن میشیگان و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر باردۆخی دەوڵەتانی سۆڤیەتی پێشوو و ئەورپای ڕۆژهەڵات و بایەخ بە کێشەکانی حکومڕانی و ریفۆرم لەو وڵاتانە دەدات، تێزی دکتۆراکەی لەسەر سەقامگیری سیاسیی و دەوڵەتانی سۆشیالیست نوسیووە، باتەرفیڵد وەك خۆی ئاماژەی پێکرد چەند قوتابیەکی کوردی هەیە هەر بۆیە خۆشحاڵی خۆی دەربری بەوەی دوای ئەوەی لە گوڵان بڵاوبۆوە ڤێرژنی کوردی ئەم دیمانەیەی بۆ بنێرینەوە و ئەو پێی گوتین حەزدەکەم قوتابییەکانم بە کوردی بۆم بخوێننەوە، سەبارەت بە پرسیارەکانیشمان بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

■ ■ ■

جێمس رۆبنسۆن:

# پشت بەستن بە سەرچاوە سروشتییەکان ستراتیجێکی باش نییە بۆ پەرەپێدانی ئابووری یاخود بۆ زەمانەتکردنی دیموکراسی



پرۆفیسۆر جێمس رۆبسۆن سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی هارڤارد پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ئابووری و ئابووری سیاسیی و پەرەپێدانی سیاسی و چەندین دیراسەت وتوێژینەوەی لەسەرپرۆسەی پەرەپێدان لە ئەفریقیا و دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین نووسیوە و دیارترین توێژینەوەشی بە ناونیشانی ئەسڵی ئابووری لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکان و دیموکراسییەکاندا و لە ساڵی ٢٠٠٧ لەسەر ئەم توێژینەوەیە لەلایەن یەکێتی زانایانی ئەمەریکاوە خەڵاتکراوە.

سەبارەت بە چۆنییەتی سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان و رۆڵی حکومەت لەسەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پرۆفیسۆر رۆبنسۆن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

*** سەقامگیری و ئاسایش دوو هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی حکومەت هەڵبستێت بە گرتنەبەری هەنگاوە سەرەتاییەکانی پەرەپێدان، ئایا رۆڵی ئەم دوو هۆکارە چییە لە گەشەپێدانی ئابووریدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئاسایش و سەقامگیری گرنگن بۆ پرۆسەی پەرەپێدان، بۆ بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابووری، دەبێت خەڵکی متمانەیان هەبێت بەوەی کە سەلامەتن و ئەگەر وەبەرهێنان بکەن ئەوا لە ئایندەدا بەرهەمەکەی دەچیننەوە. ناسەقامگیری و نائارامی ئەم دەستکەوتانە دەخەنە مەترسییەوە. هەروەها بە تێڕوانینی من ئاسایش یەکێکە لە خزمەتگوزاریە گشتییە بنەڕەتییەکان کە پێویستە حکومەت هەڵبستێت بە دابینکردنی و کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر خۆشگوزەرانی خەڵکی کە لە ئەنجامی گەشەسەندنی ئابووریەوە بەدەست دەهێنن.

**بە دڵنیاییەوە ئاسایش و سەقامگیری گرنگن بۆ پرۆسەی پەرەپێدان، بۆ بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابووری، دەبێت خەڵکی متمانەیان هەبێت بەوەی کە سەلامەتن و ئەگەر وەبەرهێنان بکەن ئەوا لە ئایندەدا بەرهەمەکەی دەچیننەوە**

*** هەموو وڵاتان لە قۆناخی بونیادنانەوە پێویستیان بە یارمەتی دەرەکی هەیە، بە تایبەتی لە لایەن وڵاتە کۆمەک بەخشەکان و قەرزی درێژخایەن لە لایەن بانکە نێودەوڵەتییەکانەوە، بەڵام زۆرجار ئەم بانکانە مەرجی قورس بەسەر ئەو وڵاتانەدا دەسەپێنن کە قەرزیان پێدەدەن، ئایا ئەو حاڵەتانە چین کە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان دەتوانن کۆمەك و یارمەتی دەرەکی بەدەست بهێنن؟**

- بانکە نێودەوڵەتی و دامەزراوە داراییەکان مەرجگەلێك بەسەر پێدانی ئەو قەرزانەدا دەسەپێنن لەبەر ئەوەی لە رابردوودا ئەو تێڕوانینە دروست بوو کە ئەو وڵاتانەی قەرزیان وەرگرتووە یاخود یارمەتی دراون بەو شێوەیە ئەو قەرز و یارمەتیانە بەکار ناهێنن کە پێویستە بۆ باشترکردنی خۆشگوزەرانی هاوڵاتییەکانیان. رەنگە ئەو یارمەتیانە بدزرێن، رەنگە وەك مەکرەمەیەك لە لایەن سیاسییەکانەوە بەکار بهێنرێن. هەروەها ئەو حاڵەتەش هەیە کە دانانی مەرج لەسەر ئەو قەرزانە مەسەلەیەکی سیاسییە، هەروەك ئەوەی دابەشکردنی ئەو قەزرانەش لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی سیاسییە. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەولەویاتەکانی حکومەتەکان جیاوازن لە گەڵ ئەولەویاتەکانی بانك و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان. رەنگە ئەم جیاوازیانەش بۆ هێزە دیموکراسییە راستەقینەکان بگەڕێتەوە.

*** وڵاتانی دوای شەڕ تەنیا لە رووی ئابووریەوە دواکەوتوو نین، بەڵکو لە رووی توانا مرۆییەکانیشەوە لاوازن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن حکومەت دەتوانێت ئامادەکاری بکات بۆ راکێشانی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری وەبەرهێنەکان بۆ وڵاتەکە؟**

- دەبێت حکومەت جەخت لە سەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بکاتەوە، بە تایبەتی پەروەردە، تەندروستی، هەروەها بنیاتنانەوەی ژێرخان و بە دڵنیاییەوە دەبێت جەخت لەسەر دابینکردنی ئاسایش بکاتەوە. یەکێك لەو راستییانەی دەیزانین ئەوەیە کە ئەمە لە کاتێکدا روودەدات کە چارەسەرێکی دەستووری بدۆزرێتەوە لە کۆمەڵگەدا و گروپە ناکۆکەکان بتوانن بگەنە رێککەوتنێك لە سەر رێساکان بۆ ئەوەی بە پێی ئەو رێسایانە رەفتار بکەن. بە پێچەوانەوە نە سەقامگیری دێتەدی و

نە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان دابین دەکرێن و نە وەبەرهێنانی دەرەکیش دەبێت.

*** پرۆسەی حکومڕانیکردن لە سەرەتادا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی توانای حکومەت وەك پێویست نییە، سەروەری یاسا جێگیر نەبووە و پارتە سیاسییەکان وەك پێویست دەست و پەنجەیان لە گەڵ پرۆسە سیاسییەکەدا نەرم نەکردووە، چۆن دەتوانین حکومڕانێتییەکی سەرکەوتو لە رەوشێکی ئاوادا بەرقەرار بکەین، واتە لەسەرەتای پرۆسەی گەشەپێداندا؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە. بە دڵنیاییەوە پرۆسەکە ئاڵۆزە. هەندێ لەو باوەڕەدان کە دەکرێت بە هۆی دارشتنی دەستورەوە بە شێوەیەکی دیاری کراو ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام من گومانم هەیە لەم رووەوە.

*** چۆن دەتوانین هەل و مەرجێك بخولقێنین کە تێیدا حکومەت بتوانێت ئابووری بازاڕ پیادە بکات و پەرە بە کەرتی تایبەتی بدات، بە چەشنێك خەڵکی بتوانن کار و داهێنان بکەن و تەنیا پشت بە داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان نەبەستن؟**

- بە دڵنیایەوە بەڵگەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە پشت بەستن بە سەرچاوە سروشتییەکان ستراتیجێکی باش نییە بۆ پەرەپێدانی ئابووری یاخود بۆ زەمانەتکردنی دیموکراسی. گومانی تێدانییە ئەگەر بە شێوەیەکی ژیرانە بەکار بهێنرێت، دەکرێت داهاتی نەوت بۆ بنیاتنانی قوتابخانە، رێگا و نەخۆشخانەکان بەکار بهێنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسەقامگیری سیاسی دەخولقێنێت و دەبێتە هۆی سەرقاڵکردنی هاوڵاتییان بە چەشنێك نەتوانن چالاکییە راستەقینەکان ئەنجام بدەن کە دەبنە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەکە کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندو و چالاك و داهێنەر بێت.

*** وەك نەتەوەیەك کە بە قۆناغی پەرەپێداندا تێدەپەڕین خوازیاری ئەوین سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی وەك یابان و ئەڵمانیا وەربگرین، لەم حاڵەتەدا دەبێت لە کوێوە دەست پێبکەین؟**

- دەرس و پەندەکانی ئەزمونی رۆژهەڵاتی ئاسیا ئاڵۆزن. بە تێڕوانینی من هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنیان بۆ پرۆسە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە کە تێیدا دامەزراوەکان لەو وڵاتانەدا بنیات نران. بۆ نموونە، یابان یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کە نەك تەنیا توانیتی خۆی لە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی لابدات، بەڵکو توانیتی پەرە پە پرۆسەی مۆدێرن کردن بدات بە چەشنێك رکابەری لە گەڵ ئەوروپیەکاندا دەکات. ئەمە بووە نمونەیەکی سەرنج راکێش بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا. هەروەها نابێت پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئەم وڵاتانە لە بیر بکەین، رکابەری نێوان کۆمۆنیزم لە چین و کۆریای باکوور، لە گەڵ سەرمایەداری لە تایوان و کۆریای باشوور.

هەروەها ئەم بارودۆخە چەند خەسڵەتێکی دەگمەنی هەیە، بۆ نموونە بەرەپێشچوونی ئاسیای رۆژهەڵات بە هۆی « دیکتاتۆرە پێشکەوتنخوازەکان»ەوە هاتەدی، بەڵام ئەم حاڵەتەمان لە ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی نەکرد. ئەزموونی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق زۆر جیاوازە، هەروەها دامەزراوەکانی کۆمەڵگەکەشیان جیاوازن. عێراق تەنیا نەکەوتە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپییەکانەوە، بەڵکو بە دەست کۆلۆنیالیزمی عوسمانیشەوە ناڵاندی. دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیش گرفتاری دیکتاتۆریەتی سەخت بووەوە، ئەمەش پەرەپێدانی « پرۆژەی نەتەوەیی» سەخت کردووە بەو شێوەیەی کە وڵاتانی ئاسیای رۆژهەڵات پەرەیان پێدا. لەم وڵاتانەدا خەڵکی بە یەك زمان قسە دەکەن، مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە، هەست بە بوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی دەکرێت. تێڕوانینی من ئەوەیە کە هەلو مەرجەکان زۆر جیاوازن لە ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمانە کێشەگەلێك نین لە شەو و رۆژێکدا چارەسەریان بکەیت، رەنگە چەندین ساڵ بخایەنێت بۆ ئەوەی بتوانین دامەزراوە نەتەوەییەکان بنیات بنێین کە دامەزراوەڵێگی سەرکەوتوبن. پەند و وانەکانی ئاسیای رۆژهەڵات سوودمەندن. بەڵام دەبێت هەر وڵاتێك رێگای خۆی بگرێتەبەر. هیچ یەکێك لەم وڵاتانە بە پشت بەستن بە ئاموزگاری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەوڵەمەند نەبوون. ئەوان رێگای تایبەتی خۆیان دۆزیوە.



●●●

**یابان یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە نەک تەنیا توانیتی خۆی لە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی لابدات، بەڵکو توانیتی پەرە پە پرۆسەی مۆدێرن کردن بدات بە چەشنێک رکابەری لە گەڵ ئەوروپییەکاندا دەکات**

●●●

●●●

**پەند و وانەکانی ئاسیای رۆژهەڵات سوودمەندن. بەڵام دەبێت هەر وڵاتێک رێگای خۆی بگرێتەبەر. هیچ یەکێک لەم وڵاتانە بە پشت بەستن بە ئاموزگاری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەوڵەمەند نەبوون**

●●●

ئیلۆت گرین:

# لە دەسپێکی قۆناخی بونیادنەوەدا
# گرنگە حکومەتێکی سەقامگیر و سەرکەوتوو هەبێت

**•••**

**گرنگترین لایەن بریتییە لە چەسپاندنی سەقامگیری کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەسەندنی ئابووریدا لە دیموکراسیش گرنگترە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەقامگیری نەبوو، ئەوا دیموکراسی سەرکەوتو نابێت و گەشەسەندنی ئابووریش نایەتەدی**

**•••**

**زۆرێک لەم حکومەتانە حکومەتی دیموکراسی نین، وەک چین و سەنگافورە و کۆریای باشوور، سەرکەوتنی ئەم وڵاتانە لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم حکومەتانە لە سەرەتادا تەرکیزیان لە سەر هەڵبژاردنەکانی داهاتوو نەدەکردەوە**

**•••**

***پرۆسەی حکومڕانیکردن لە سەرەتادا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی توانای حکومەت وەك پێویست نییە، سەروەری یاسا جێگیر نەبووە و پارتە سیاسییەکان وەك پێویست دەست و پەنجەیان لە گەڵ پرۆسە سیاسییەکەدا نەرم نەکردووە، چۆن دەتوانین حکومڕانێتییەکی سەرکەوتوو لە ڕەوشێکی ئاوادا بەرقەرار بکەین، واتە لەسەرەتای پرۆسەی گەشەپێداندا؟**

- من هەمیشە دووبارەی دەکەمەوە کە زۆرێك لە خەڵکی ئاماژە بە دیموکراسی دەکەن، بەڵام لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا گرنگە حکومەتێکی سەقامگیر و سەرکەوتوو هەبێت، کێشەکە ئەوەیە زۆرێك لەم حکومەتانە تەنیا سەرقاڵی خۆئامادەکردن دەبن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، لەبەر ئەوە دەبێت کات بەم حکومەتانە بدرێت، هەر بۆیە وەك نموونەیەکی سەرکەوتوو ئاماژە بە وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات دەکرێت، زۆرێك لەم حکومەتانە حکومەتی دیموکراسی نین، وەك چین و سەنگافورە و کۆریای باشوور، سەرکەوتنی ئەم وڵاتانە لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم حکومەتانە لە سەرەتادا تەرکیزیان لە سەر هەڵبژاردنەکانی داهاتوو نەدەکردەوە، بەڵکو جەختیان لە سەر باشترکردنی پرۆسەی پەرەپێدان دەکردەوە و دواتر دەرفەتیان هەبوو بۆ ئەوەی دەست بە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن بکەن، لەبەر ئەوە لە سەرەتادا پەرەپێدانی ئابووری و چەسپاندنی سەقامگیری دێت و دواتر دیموکراسی.



**■■■**

**ئیلۆت گرین ئوستادی زانستی ئابوورییە لە زانکۆی لەندەن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرۆشەکانی پەرەپێدان و تۆژەریشە لەسەنتەری پەرەپێدان لە لەندەن. پرۆفیسۆر گرین وەك خۆی لەکاتی وتوێژەکانماندا ئاماژەی پێکرد لەرێگەی پرۆفیسۆر براندن ئۆلێرییەوە کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی پەنسلڤانیا و بەشێکی زۆری دیراسەتەکانی لە ئامۆژگای چاتەم هاوسی بەریتانی پێشکەش دەکات بە باردۆخی کوردستان ئاشنایە، هەربۆیە کە پێمان راگەیاندن پرۆفیسۆر ئۆلێری بێجگە لەوەی کە راوێژکاری دەستوری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یەکێکە لەو ئەکادیمیانەی کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ گوڵان هەیە و بێجگە لەوەی بەردەوام رایەکانی لە گوڵان بڵاودەبێتەوە و چەندین وتاریشی بۆ گوڵان نوسیووە، پرۆفیسۆر گرین بەم ئاستەی گوڵان دڵخۆش بوو، هەربۆیە بەڵێنی پێداین کە هەموو کات ئامادەدەبێت هاوکاری گوڵان بکات و ئەمەش دەقی ئاخافتنەکەیەتی لەگەڵ گوڵان.**

**■■■**

***هەموو پسپۆران و شارەزایان ڕێنمایی ئەوەمان دەکەن کە گرنگترین مەسەلە بۆ ئێمە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیرییە، ئایا گرنگە ئەم فاکتەرە بۆ پەرەپێدان چییە؟**

- بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گرنگترین لایەن بریتییە لە چەسپاندنی سەقامگیری کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەسەندنی ئابووریدا لە دیموکراسیش گرنگترە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەقامگیری نەبوو، ئەوا دیموکراسی سەرکەوتو نابێت و گەشەسەندنی ئابووریش نایەتەدی.

***کەواتە چۆن دەتوانین هەلومەرجێك بخوڵقێنین کە تێیدا حکومەت بتوانێت ئابووری بازاڕ پیادە بکات و پەرە بە کەرتی تایبەتی بدات، بە چەشنێك خەڵکی بتوانن کار و داهێنان بکەن و تەنیا پشت بە داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان نەبەستن؟**

- لە راستیدا ئەوە نیگەرانییەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا لە ڕێی سەپاندنی باجەوە توانیان بەشێك لە داهاتەکانی حکومەت بەدەست بهێنن کە لە بەرامبەردا راو بۆچونی هاوڵاتییان لەبەرچاو دەگیرا لە لایەن حکومەتەوە لەبەر ئەوەی هاوڵاتییان باجیان داوە، کێشەکە لە زۆرێك لەو وڵاتانەدا کە خاوەنی سەرچاوەی سروشتین، بۆ نموونە لە هەندێ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ئاسیادا، ئەوەیە کە حکومەت پێویستی بە سەپاندنی باج نییە بەسەر هاوڵاتییاندا بۆ ئەوەی داهات بەدەست بهێنێت، بەڵکو لە رێی سەرچاوەکانی دیکەی وەك نەوت و ئەڵماس و ئاڵتونەوە ئەو داهاتە کۆدەکاتەوە، ئەمەش سەری کێشاوە بۆ ئەوەی حکومەت

بایەخ بـــە هاوڵاتییان نەدات و راوبۆچونـــی هاوڵاتییان رەچاو نەکات. ئەوەی پەیوەندی بە بازاڕی ئازادەوە هەبێت ئەوا بازاڕی ئازاد پێویستی بە سەرمایە هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆرێك لەو لایەنانەی سەرمایە کۆدەکەنەوە لە وڵاتان و شوێنەکانی دیکەدا دەیخەنەگەڕ، بۆ نموونە لە سویسرا و هەندێ شوێنی دیکە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە هەندێ کەس باسی کۆنتڕۆڵکردنی سەرمایە دەکەن، بۆ نموونە لە عێراقدا دەبێت هەندێ لەو خەڵکانە ناچاربکرێن کە خاوەنی ســـەرمایەن بۆ ئەوەی سەرمایەکانیان لە عێراقـــدا بهێڵنەوە و لە بواری ســـەرمایەگوزاری و وەبەرهێناندا بیخەنە گەڕ بۆ ئەوەی پەرە بە بازاڕی ئازاد بدەن.

*** ئایا ئەو حاڵەتانە چین کە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان دەتوانن کۆمەك و یارمەتدی دەرەکی بەدەست بهێنن؟**

- لـــە راســـتیدا تۆمـــاری دەوڵەتـــەکان لە رووی پاراســـتنی مافەکانی مرۆڤ، کە ئازادییە سیاســـییەکانیش لە خۆدەگرێت کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە ســـەر وڵاتە کۆمەك بەخشەکانی رۆژئـــاوا و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشـــتیوانیکردن و یارمەتیدانـــی وڵاتـــە تازە گەشەکردووەکان و هەندێ جار چاوپۆشـــی لە سەقامگیری سیاســـیش دەکەن لـــە پێناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا.

***چۆن حکومـــەت دەتوانێت ئامادەکاری بکات بۆ راکێشانی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزارای وەبەرهێنەکان بۆ وڵاتەکە؟**

- هەمیشـــە وەبەرهێنـــەکان بایـــەخ بـــە کۆکردنـــەوەی قازانـــج دەدەن لـــە مەودای دووردا، هەر لەبـــەر ئەمەش کە ســـەقامگیری سیاســـی گرنگییەکی لـــە رادەبەدەری هەیە، وەبەرهێنەکان پتر بایەخ بە ســـەقامگیری دەدەن نەك دیموکراســـی. کێشەی زۆرێك لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان ئەوەیە کە دیموکراسیان تێدایە، بەڵام ســـەقامگیر نین، واتە هەر کاتێك حکومەتێکی نوێ جڵەوی دەسەڵات دەگرێتەدەست ئەوا دەســـت بە ســـەر هەموو و ســـەروەت ســـامانەکاندا دەگرێت، لەبەر ئەوە وەبەرهێنە دەرەکییەکان زۆر نیگەرانن لە دیموکراسییە ناسەقامگیرەکان. هەروەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لە زۆر کاتدا ســـەقامگیری لە دیموکراســـی گرنگترە بە تایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەرەپێداندا لەبەر ئەوەی بوونی سەقامگیری دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بتوانن پلان بۆ ئایندە دابنێن، هەر کاتێك خەڵکی وڵاتێکی دیـــاری کراو و وەبەرهێنە دەرەکییەکان نەیانتوانی پلان بۆ ئایندە دابنێن ئەوا سەرمایەکانیان ناخەنەگەڕ لەو وڵاتەدا.

***ئایا دەتوانین ســـوود لە ئەزموونـــە دەرەکییەکان وەربگرین لەم رووەوە؟**

- زۆرجار ئەم بـــەراوردە دەکرێت و ئاماژە بەوە دەکرێت کە سەرکەوتنی ئەو وڵاتانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرچاوەی سروشتیان نییە، بۆ نموونە کۆریای باشوور نە سەرچاوەی نەوت و نە ئەڵماسی هەیە. بەڵام ئەگەر نموونەیەك هەبێت و رەنگـــە بۆ عێراق ســـوودمەند بێت بریتییـــە لە وڵاتی بۆتســـوانا لە ئەفریقیا، لەبەر ئەوەی ئـــەم وڵاتە خاوەنی سەرچاوەیەکی گەورەی ئەڵماسە، بەڵام توانیویەتی پەرە بە سیستەمێکی سیاسی تا رادەیەك سەقامگیری بدات، لەبەر ئەوە من پێموایە دەبێت ســـەرەتا جەخت لەسەر چەسپاندنی سەقامگیری و رەخساندنی کەشـــێکی ئیجابـــی بـــۆ وەبەرهێنـــان و پەرەپێدانـــی ئابـــووری و پلاندانـــان بۆ ئاینـــدە بکرێتـــەوە، دواتر هەنگاو بنێین بۆ بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسییەکان.

*** دوا وتەت بۆ گۆڤارەکەمان چییە؟**

- ئـــەوەی پەیوەنـــدی بە هەرێمـــی کوردســـتانی عێراقـــەوە هەبێـــت ئـــەوا دەکرێت لـــە رێی بنیاتنانی سیســـتمێکی فیدراڵییەوە لـــە عێراقـــدا زەمینـــە بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی خۆش بکرێـــت لەبەر ئـــەوەی لە فیدراڵیـــدا دەســـەڵات بە نامەرکـــەزی دەکرێـــت و دەسەڵاتە سیاســـییەکان لە دەستی سەرۆکدا چڕنابنەوە، هەروەهـــا یەکێـــك لـــە هۆکارەکانی بەرەوپێشچوونی و گەشەســـەندنی وڵاتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا ئەوەیـــە کـــە حکومەتێکی فیدراڵی هەیـــە و دەکرێت لـــەم رووەوە عێراق ســـوود لـــە ئەزموونـــی ئەمەریکا وەربگرێت.




**بازاڕی ئازاد پێویستی بە سەرمایە هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆرێک لەو لایەنانەی سەرمایە کۆدەکەنەوە لە وڵاتان و شوێنەکانی دیکەدا دەیخەنەگەڕ**

**وەبەرهێنەکان پتر بایەخ بە سەقامگیری دەدەن نەک دیموکراسی. کێشەی زۆرێک لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان ئەوەیە کە دیموکراسیان تێدایە، بەڵام سەقامگیر نین**

**دەکرێت لە رێی بنیاتنانی سیستمێکی فیدراڵییەوە لە عێراقدا زەمینە بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی خۆش بکرێت لەبەر ئەوەی لە فیدراڵیدا دەسەڵات بە نامەرکەزی دەکرێت و دەسەڵاتە سیاسییەکان لە دەستی سەرۆکدا چڕنابنەوە**






# پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولـ

## ئۆباما داوای کۆبونەوەی لوتکەی نێوان)

**کۆمارییەکان دەربچنەوە یان دیموکراتەکان پێویستە ئەنقەرەو هەولێر هەنگاوی جددی بۆ لیکنزیکبوونەوە هەڵبگرن و هەوڵبدەن بەرێگەچارەی دیالۆگ و سەردەمیانە کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن**

ڕۆژنامەکانی تورکیا لە ڕۆژانی ٢٤-٢٥/١٠/٢٠٠٨ بە مانشێتی گەورە نوسیویانە (ئۆباما سەرۆکی کاندیکراو داوای کۆبونەوەی لوتکە لەنیوان تورکیاو سەرکردە کوردەکانی عێراق دەکات)

هەروەها نووسیویانە چەواشەکردن و خراپ ئیدارەکردنی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانێت هەڕەشەی پەکەکە چارەسەر بکات.

هەواڵەکە کە بە درێژی لە ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز بەدواچوونی بۆکراوە تیایدا هاتووە: (باراك ئۆباما کاندیدی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا بەڵێنیداوە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بێت گرژی و ئالۆزییەکانی نێوان پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو واشنتۆن ناهێڵیت، هەروەها پێشنیاری ئەوەی کردووە کە کۆبونەوەیەکی لوتکە لە نێوان تورکیا و سەرکردەکانی عێراق (بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ڕۆڵی بەغدا بکرێت) پێویستە گرێبدرێت بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و هەموو کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان چارەسەر بکرێت)

بەپێی ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز ئەم هەواڵە لێدوانێك نییە ئۆباما لە وەڵامی ڕۆژنامەنوساندا دابێتیەوە، بەڵکو ئەمە بەشێکە لە ستراتیژیەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە تورکیا و لە سایتی ئۆباماو بایدن بەرەسمی بڵاوکراوەتەوە.

ئۆباما بەپێی ئەم ستراتیژە هەوڵدەدات پەیوەندییەکی ستراتیژی لەگەڵ ئەنقەرە بگێڕێتەوە، تیایدا هاتووە گێرانەوەی ئەم پەیوەندییە لەگەڵ دەوڵەتێکی دیموکراسی و سەقامگیری سەر بەرۆژئاوا لەبەرژەندی ئەمەریکادایە.

ڕۆژنامە تورکیەکە نوسیوویەتی، لەم ستراتیژەدا ئۆباما و بایدن سەرۆکایەتی ئەو هەوڵانە دەکەن کە بۆ نزیکردنەوەی تورکیاو سەرکردەکوردەکانی عێراق دەکەن لەم بوارنە:

-١ چۆنیەتی مامەڵەکردنی هەردوو لایان لەگەڵ کێشەی پەکەکە.

-٢ گەرەنتی یەکپارچەیی خاکی تورکیا.

-٣ ئاسانکاری بۆ کاری بزنس و کۆمپانیاکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا.

-٤ ئۆباما پشتگیری لە پەرەپێدانی دیموکراسی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربرین لە تورکیا دەکات، لە پێناوی ئەوەی تورکیا بێتە ئەندامی یەکێتی ئەورپا.

-٥ئۆباما بانگهێشتی ئاستێکی بەرزی وتووێژ لە نێوان تورکیا و سەرکردە کوردەکانی عێراق دەکات بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بە ڕۆڵی بەغدا بکات.

ئەم خاڵانەی لە بەرنامەکەی بایدن و ئۆباما هاتوون ڕێخستنەوەیەکی ئاقلانەی ستراتیژیەکی درێژخایەن و چارەسەرێکی گونجاوە بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، ئەوەی ڕۆژنامەکە ئاماژەی پێکردووە ئۆباما هەنگاوێکی باش هەڵدەگرێت بە تایبەتی کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات خەریکە تورکیا لە دەست بچێت و حاڵی حازر لە ٪١٢ی گەلی تورکیا پشتگیری لە سیاسەتی ئەمەریکا دەکەن، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیانە و شرۆچەی خراپی بۆدەکەن ئەوەیە، ئەوان مەترسیان لەوە هەیە کە ئەمەریکا بەبێ میانگیری بەغدا داوای لوتکەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەنقەرەو هەولێر دەکات، ئەمەش بەوە لێکدەدەنەوە ئۆباما سیاسەتی بایدن بەرامبەر عێراق جێبەجی دەکات کە پێشتر داوای کرد بوو عێراق لە ناوخۆیدا دابەش بکرێت بۆ ٣ هەرێمی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی، بەدیدی تورکیا ئەمە ڕێگە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خۆش دەکات و ئەمەریکاش پشتگیری لێدەکات.

### هەنگاوەکانی ئەنقەرەو هەولێر پێش کۆتایی هاتنی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا

بەپێی ئاکامی ڕاپرسییەکان چانسی ئۆباما لە چانسی ماکین زیاترە، هەربۆیە چاوەڕێ دەکرێت میوانی داهاتووی کۆشکی سپی دیموکراتەکان بێت نەك کۆمارییەکان، بەڵام کۆمارییەکان دەربچنەوە یان دیموکراتەکان پێویستە ئەنقەرەو هەولێر هەنگاوی جددی بۆ لیکنزیکبوونەوە هەڵبگرن






# ێر بەرەو کرانەوەی زیاتر دەچن

## تورکیا و هەرێمی کوردستان دەکات )

و هەوڵبدەن بەرێگەچارەی دیالۆگ و سەردەمیانە کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن.

زۆر لە چاودێران راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەن، ئۆباما دەربچێت یان ماکین سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئەمەریکا چاو بە سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆیدا دەخشێنێتەوە، لەوانەیە ئێستا ماکین وەك ئۆباما ئاماژە بەگۆڕانکارییەکان نەکات، بەڵام ئیدارەی تازە پێویستی بە گۆڕانکاری تازە هەیە، خاڵێکی گرنگتر کە پێویستە ئەنقەرە و هەولێر بەجدی هەڵوەستەی لەسەر بکەن ئەوەیە، ئۆباما دەربچێت یان ماکین جوگرافیای ناوچەکە ناگۆڕێت و تورکیا دراوسێیەکی هەیە ناوی هەرێمی کوردستانە، راستە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە بەڵام بەپێی دەستوری عێراق هەرێمێکی فیدرالییە و هەر دەستوری عێراقیش ئەو دەسەڵاتەی پێداوە پەیوەندی بازرگانی و ئابوری لەگەڵ دراوسێکانی گرێبدات وهەرێمەکەی خۆشی بپارێزێت، لە بەرامبەریشدا دەبێت هەرێمی کوردستان ئەوەی لەبەرچاو بێت کە تورکیا دەوڵەتێکی گرنگە و دراوسێی عێراق و هەرێمی کوردستانە و دەروازەی سەرەکیشە بۆ بەستنەوەی عێراق و کوردستان بە ئەورپاوە، هەربۆیە ئەگەر لە روانگەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێرەوە سەیری کێشەکان بکەین دەبینین لە بەرژەوەندی هەردوولادایە کە زەمینەیەك بێتە ئاراوە و هەردوولا لەیەکتری تێبگەن و چارەسەری هاوبەش بۆ کێشەکان بدۆزنەوە.

هەندێك لە چاودێران دەستپێشخەری و هەنگاوی جددی بە ئەرکی ئەنقەرە دەزانن نەك هەولێر لەبەر ئەوەی هەولێر چەندین جار ئامادەباشی خۆی پیشانداوە و وێرای ئەوەی تورکیا چەندین جار سنوری هەرێمی کوردستانی بەزاندووە، بەڵام پەیوەندییە بازرگانی و ئابورییەکان هەر بەردەوام بووە و بەردەوامیش هەولێر جەختی لەسەر رێگە چارەی ئاشتی و دیالۆگی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان کردۆتەوە، کەواتە ئێستا هەمولایەك چاوەڕێن حکومەتی تورکیا بوێرانە تر راستییەکان بۆ شەقامی تورکیا ئاشکرا بکات و راستەوخۆ بانگهێشتی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ دیالۆگی راستەوخۆ.

### کێشەی هەولێرو ئەنقەرە

### تەنها بەکۆبوونەوەی هەرێمی کوردستان و تورکیا چارەسەردەکرێت

هەرێمی کوردستان زۆر ئەو خاڵە لەبەرچاو دەگرێت کە حکومەتی تورکیا نابێت زۆر گوشاری بخرێتە سەر لەبەر ئەوەی گوشارەکان بە زیانی رەوتە دیموکراتخوازەکان و بەبەرژوەندی دەسەڵاتی عەسکەری کۆتایی دێت، هەروەها زۆر نەرمیشی نواندووە تەنها لەبەر ئەوەی رەوتە دیموکراتییەکەی تورکیا لەبەرامبەر عەسکەر لاواز نەبێت، بەڵام ئەمرۆ نەك هەر هەرێمی کوردستان بەڵکو یەکێتی ئەورپا و ئەمەریکاش لەو راستیە تێگەیشتون کە نابێ چیدیکە حکومەتی تورکیا لە ترسی دەسەڵاتی عەسکەری وڵاتەکەی هەنگاوە دیموکراسییەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و لە پەیوەندییە ئیقلیمییەکان و هەروەها لە هەنگاوەکانیشی بۆ ئەندامیەتی تورکیا لە یەکێتی ئەورپا خاو بکاتەوە، هەندێك لە چاودێران پشتگیری لە خاوکردنەوەی ئەو هەنگاوانە بە هاندانی زیاتری دەسەڵاتی عەسکەری ئەو وڵاتە دەزانن بۆ ئەوەی زیاتر جەخت لەسەر پرانسیپە تەقلیدیەکانی خۆیان بکەنەوە، هەر بۆیە کاتی ئەوە هاتوە کێشەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرا کۆتاییان پێبێت و هەنگاوی جدی بۆ هەڵبگیرێت، ئەگەر ئەنقەرا بەم ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت ئەوا پێش ئەوەی لە ٢٠/١/٢٠٠٩ ئۆباما دەسەڵات وەربگرێت پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرا ئاسایی دەبێتەوەو ئەمەش دەبێتە خاڵێکی ئیجابی و هاندانی زیاتری ئۆباما و بایدن بۆ ئەوەی هیچ ئاڵۆزیەك لە پەیوەندیەکانی نێوان ئەنقەرا و واشنتۆندا نەمێنێت.

بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم پرسەو ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرا و هەولێر چەند پسپۆر و رۆژنامەنوسێکی تورك و ئەمەریکی بەشداریان لەم راپۆرتەکردووە، کە ئەمە بۆ چوونەکانیانە.

●●●

**خاڵێکی گرنگتر کە پێویستە ئەنقەرە و هەولێر بەجدی هەڵوەستەی لەسەر بکەن ئەوەیە، ئۆباما دەربچێت یان ماکین جوگرافیای ناوچەکە ناگۆڕێت و تورکیا دراوسێیەکی هەیە ناوی هەرێمی کوردستانە**

●●●



هنری بارکی (شرۆڤەگەری سیاسیی لەسەر تورکیا) بۆ گوڵان:

# AKP بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ناوچە کوردییەکان بەرێتەوە دەبێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بکاتەوە

هنری بارکی بەناوبانگترین توێژەر و شرۆڤەوانە لەسەر سیاسەتی تورکیا لە ئەمریکادا و سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکانە لە (Lehigh University) لە ساڵی ١٩٩٨-٢٠٠٠ ئەندامی ستافی پلاندانان بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ گراهام فۆلەر سەرۆکی پێشووی CIA کتێبی ( کێشەی کورد لە تورکیا ) نوسیووە، ئەمە بێجگە لەچەندین کتێبیی دیکە سەبارەت بە رۆڵی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسیەتی تورکیا لە ناوچەکە و پەیوەندی نێوان عێراق و تورکیا .

گوڵان چەند جاری تریش بۆ شرۆڤەی گۆرانکارییەکان لە سیاسەتی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان پەیوەندی پێوەکردووە و چەندین پرسیاری ئاراستەکردووە، بۆ ئەم گۆڕانکاریانەی ئەم دواییە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانیش جارێکی دیکە پەیوەندیمان پێوەکردوو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

**موراد ئۆزچەلیک کە بە شەخسی دەیناسم ئامادە و پەرۆشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو پەیوەندییانە و لەو پێناوەدا کار و کۆششی جیدی دەکات و ئەو کەسێکی زۆر باشە و تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەختەوەرن کە ئەم کەسایەتییە بەم ئەرکە هەڵدەستێت**

*** بەم دواییە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان هێوربوونەوەتەوە، بەتایبەتی دوای کۆبوونەوەی موراد ئۆزچەلیک نێردراوی تایبەتی سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە گەڵ بارزانیدا لە بەغدا، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە سەرەتای باشتربوونی پەیوەندییەکانە؟**

- من پێموایە ئەمە سەرەتایەکی گرنگە و ئەگەر درێژەی پێبدرێت ئەوا دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکاندا و موراد ئۆزچەلیک کە بە شەخسی دەیناسم ئامادە و پەرۆشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو پەیوەندییانە و لەو پێناوەدا کار و کۆششی جیدی دەکات و ئەو کەسێکی زۆر باشە و تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەختەوەرن کە ئەم کەسایەتییە بەم ئەرکە هەڵدەستێت.

*** لە راگەیاندن و رۆژنامەکانی تورکیادا باس لەوە دەکرێت کە تورکیا بە نیازە بانگهێشتی سەرۆك وەزیرانی حکومەی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەنقەرە، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ئەگەر لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا هێرش و پەلاماری پەکەکە بۆ سەر تورکیا بەدی نەکەین، ئەوا رووداوی لەم چەشنە روودەدەن و هەڵوێستی تورکیا ئەوەیە کە پێویستی بە هاوکاری

حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ کێشەی پەکەکەدا و ئەگەر دەرئەنجامی ئەم کۆبوونەوانە کەم بوونەوەی توندوتیژی بێت، ئەوا ئەم پرۆسەیە پتر بەرەوپێش دەچێت.

دەبێت ئەوە بزانین کە رای گشتی تورکیا هەست بەوە دەکات کە نکۆڵی لە بوونی کوردەکان کراوە و مافەکانیان زەوت کراوە، بەشێوەیەکی تایبەتی لە ماوەی ١٥ بۆ ٢٠ ساڵی رابردوودا کێشەی کورد زەقتربۆتەوە لە تورکیادا، بەڵام گۆڕانی هزر و بیرکردنەوەی هاوڵاتییانی تورکیا پێویستی بە کاتێکی دووروودرێژترە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی تا ئێستا بەو شێوەیە ئەم مەسەلەیە خراوەتەڕوو کە کێشەی کوردەکان تەنیا پەکەکەیە و کوردەکان خوازیاری جیابوونەوەن لە تورکیا. لەبەر ئەوە هەوراز و نشێوی زۆر دێتە رێی ئەم پرۆسانە، کە رەنگە هەندێ جار نشێوەکانیش زیاتربن، بەڵام من لەو باوەڕەدام لە سەروبەندی ئەوەدابین گۆڕانی گەورە ببینین.

***لە گەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنە شارەوانییەکان لە تورکیادا، ئەوا باشترکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئەو هەڵبژاردنانەو دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدانی لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیادا، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك پارتی داد و گەشەپێدان ئامادەیە ئەم خاڵە لەبەرچاو بگرێت؟**

- ئەوە روونە کە ئەمە گرنگی خۆی هەیە، پارتی داد و گەشەپێدان خوازیاری ئەوەیە کە لەو هەڵبژاردنانەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە پارتێکی سیاسی گرنگ و بەهێزە و دەتوانێت لە هەموو شوێنەکاندا شکست بە هەموو پارتە سیاسییەکانی دیکە بهێنێت و دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو کە تەنیا دیاردەیەکی کاتی نییە و چەند ساڵێك دەرکەوێت و دواتر دیار نەمێنێت، بەڵکو هەوڵ دەدات بیسەلمێنێت کە لە هەموو شوێنەکاندا رەگ و ریشەی هەیە. لەبەر ئەوە لە بەشێکیدا هۆکاری نزیکبوونەوەی حکومەتی تورکیا ئەوەیە کە دەیەوێت پێگەی خۆی لە هەڵبژاردنە شارەوانییەکاندا بەهێز بکات لە ناوچە کوردییەکاندا، چونکە دوای ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و دوای سنووربەزاندنی سوپای تورکیا دانیشتوانی کوردی تورکیا تێروانینەکانیان دژی داد و گەشەپێدان بوو و هەستیان بە پەستی و تووڕەیی کرد، تەنانەت ئەوانەش کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا دەنگیان بۆ ئەم پارتە دا، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدات دەنگی ئەو کەسانە بەدەست بهێنێتەوە کە کاریگەر بوونە بە سیاسەتەکانی.

*** ئێمە دەزانین کە پەیوەندی گەلێکی ئابووری زۆر هەیە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا و یەکێك لە مەسەلە گرنگەکانیش لە داهاتوودا ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانە لە رێی تورکیاوە، ئەمەش خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوولا دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند تورکیا بەرەوپێشبردنی ئەو پەیوەندییانەی بە هەند هەڵگرتووە؟**

- رەنگە بەو شێوەیە نەبێت کە خەڵکی بیری لێدەکاتەوە لەبەر ئەوەی تورکیا دەتوانێت کار لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکات، بەڵام ئەگەر بە راشکاوی بدوێین ئەوا پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان لە گەڵ باکووری عێراقدا ئاسانترە، لەبەر ئەوەی لە زۆر بواردا ئەولەویەت دەدرێت بە تورکیا. کێشەیەکی دیکە هەیە ئەویش کێشەی کەرکووکە کە مەسەلەیەکی هەستیارە، بەڵام هەر کاتێك توانرا چارەسەر بکرێت ئەوا تورکیا پتر بایەخ بەم مەسەلەیە دەدات.

*** پێشبینی دەکرا تورکیا پێش ئێران بانگهێشتی سەرکردە کوردەکان بکات، بەڵام ئەمە جاری دووەمە سەرکردە کوردەکان سەردانی ئێران، بەڵام تا ئێستا تورکیا بانگهێشتی نەکردوون، بۆچی تورکیا کەمتر لە دەوڵەتە دراوسێکانی دیکە بایەخ بە بەرەوپێشبردنی ئەم پەیوەندییانە دەدات؟**

لەبەر ئەوەی بۆ تورکیا زۆر زۆر زەحمەتە مامەڵە لە گەڵ بارزانیدا بکات و پێشبینی ناکەم لە ئایندەیەکی نزیکدا بانگهێشتی بارزانی بکات بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکات لەبەر ئەوەی بە نیسبەت ئەوانەوە بارزانی نوێنەرایەتی ناسیۆنالیستی کورد دەکات. بەڵام ئێران هەمیشە پەیوەندی لە گەڵ کوردەکاندا هەبووە، لە لایەکی دیکەوە کاتێك سەرکردەکانی ئێران بڕیارێك دەدەن ئەوا دەتوانن پیادە بکەن، بەڵام لە تورکیا دوو ناوەندی دەسەڵات هەیە و فشارێکی سیاسی ناوخۆی بەهێز هەیە لە تورکیادا، بەو پێیە هەر یەکە لە ئێران و تورکیا دوو بونیادی سیاسی جیاوازیان هەیە، تاوەکو کێشەی پەکەکە چارەسەر نەکرێت ئەوا لەو باوەڕەدانیم کە بارزانی بانگهێشت بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بانگهێشت بکرێت ئەوا پارتە بەرهەڵستکارەکان خۆپیشاندان دەکەن و رەنگە لە بەرامبەردا لایەنگرانی پەکەکەش بە هەمان شێوە خۆپیشاندان بکەن و توندوتیژی لێبکەوێتەوە.

*** هەرێمی کوردستان خوازیاری ئەوەیە کە بەرەوپێشچوونی ئابووری بەدەست بهێنێت و ئەمەش پێویستی بە پەیوەندی دۆستانە هەیە لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا و تورکیاش ئەم راستییە دەزانێت، بەڵام بۆچی پێشوازی لەم هەوڵانەی هەرێمی کوردستان ناکات؟**

- ئەمە دەقا و دەق راست نییە لەبەر ئەوەی وەبەرهێنانی زۆر هەیە لە لایەن تورکیاوە لە باکووری عێراقدا و کۆمپانیا تورکییەکان لە کارکردن رانەوەستاون و حکومەتی تورکیاش رێگری لە کەس نەکردووە کە کار و وەبەرهێنان بکات لەو ناوچەیەدا، بەڵام رەنگە چاوەڕوانی یەکلابوونەوەی کێشەی کەرکووك و پەکەکە و کێشەکانی عێراق بێت بە گشتی بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکات.

*** چ راسپاردەیەکت هەیە بۆ خەڵکی کوردستان و تورکیا بۆ ئەوەی یارمەتیدەربن لە پشتیوانیکردن لە ئاشتی و کۆتایی هێنان بە توندوتیژی؟**

- بە دڵنیاییەوە دەبێت کارێك بکرێت لە لایەن باکووری عێراقەوە لە بەرامبەر پەکەکەدا، بۆ نموونە کوردەکان عێراق هەڵبستن بە هێنانە خوارەوەی پەکەکە لە شاخەکاندا و وایان لێ بکەن چەك دابنێن. ئەمانە گرنگترین هەنگاون کە کوردەکانی عێراق دەتوانن بیکەن. لە هەمانکاتدا دەبێت خەڵکی تورکیاش کراوەتر بن لە ئاست بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لە گەڵ کوردەکانی عێراقدا، بەڵام دەبێت ئەم هەوڵانە لە یەك کاتدا بەرێوەبچن. دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە هیچ حکومەتێك لە تورکیادا ناتوانێت کاردانەوەی نەبێت لە بەرامبەر بوونی پەکەکە لە باکووری عێراقدا، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی تورکی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسییە و دەبێت حکومەت وەڵامی خەڵك بداتەوە.

**بەشێوەیەکی تایبەتی لە ماوەی ١٥ بۆ ٢٠ ساڵی رابردوودا کێشەی کورد زەقتربۆتەوە لە تورکیادا، بەڵام گۆڕانی هزر و بیرکردنەوەی هاوڵاتییانی تورکیا پێویستی بە کاتێکی دووروودرێژترە**

**دوای سنووربەزاندنی سوپای تورکیا دانیشتوانی کوردی تورکیا تێروانینەکانیان دژی داد و گەشەپێدان بوو و هەستیان بە پەستی و تووڕەیی کرد، تەنانەت ئەوانەش کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا دەنگیان بۆ ئەم پارتە دا، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدات دەنگی ئەو کەسانە بەدەست بهێنێتەوە کە کاریگەر بوونە بە سیاسەتەکانی**



حوسێن گولئیرچە(شرۆڤەگەری سیاسی و ستوننووسی تودەی زەمان بۆ گوڵان)

# رۆژمێری سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا نزیکبۆتەوە

**باشبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیدارەی کوردی دەبێتە تەواوکەری باشبوونی پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ دراوسێکانی**

**رۆژنامەنووس حوسێن گولئیرچە یەکیکە لەو شرۆڤەگەرە سیاسییانەی تورکیا کە بەردەوام لە میدیاکانی تورکیا بۆچوونەکانی بڵاودەکرێتەوە، حوسێن گولئیرچە لەگەڵ ئەوەی زمانی ئینگلیزی نازانێت بەڵام بەردەوام بۆچوونەکانی بە زمانی ئینگلیزی لە رۆژنامەی تودەی زەمان بە ئینگلیزی بڵاودەبێتەوە.**
**حوسێن بۆچوونەکانی واقیعیانەیە پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە تەمومژی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو هەولێر برەوێتەوە و پێشیوایە کاتی ئەوە هاتووە تورکیا بەم نزیکانە داوەتی فەرمی بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ ئەنقەرە بکات و وتووێژە فەرمییەکان دەست پێبکەن، ئەمەش دەقی لێدوانەکانی رۆژنامەنووس حوسێن گولئیرچەیە بۆ گولان:**

**• پەیوەندنی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان خەریکە بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت بە تایبەتی دوای دیداری نێوان موراد ئۆزجەلیکی نوێنەری رەجەب تەیب ئۆردوگان و بارزانی لە بەغدا، ئایا تاچەند ئەم دیدارە دەبێتە سەرەتایەك بۆ پەیوەندی باڵاتر؟**

- بەڕای من ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندییەکان ئاسای ببنەوە، ئەگەر بەشێك لە خەڵکی تورکیاش لەگەڵ ئاساییبونەوەی ئەو پەیوەنیانەبن ئەوا پێویستە دەست هەڵگرن و بۆچوونی خۆیان بگۆرن، لەبەرئەوەی ئێمە هەزاران ساڵە بەیەکەوە دەژین و ئێستاش هیچ نەبێت هەقی دراوسێیەتیمان بەسەر یەکەوە هەیە، بێگومان باشبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیدارەی کوردی دەبێتە تەواوکەری باشبوونی پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ دراوسێکانی، هەروەها ئەم دیدارەش لە لایەن زۆربەی خەڵکی تورکیا زۆر بە گرنگی لەقەڵەمدراوەو ئومێدی کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازەی پێ بەخشیوین و وای لێکردووین ئومێدێکی زۆرمان هەبێت و پێموایە لەمەودوا زۆر شتی جوانتر ڕوودەدات و پێمان وایە ئەمە پەیوەندیەکان بەرەو پێشتر دەبات.

**• هەندێك لە ناوەندەکانی راگەیاندنی تورکیا ئاماژە بەوە دەکەن لەوانەیە بەم زووانە حکومەتی تورکیا دەست پێشخەری بکات و بەرێز نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوەتی تورکیا بکات ئایا بەرای تۆ دەتوانین بڵێین ئەم دەستپێشخەرییەی تورکیا نزیکبۆتەوە؟**

- بە ڕای من پێویستە حکومەتی تورکیا داوەتی بەرێز نێچرڤان بارزانی بکات، بەداخەوە هەتا ئێستاش لە تورکیادا هەندێك هەن بۆچوونی خراپیان لەسەر ئیدارەی کوردی لە باکوری عێراق هەیە، بە بروای من



ئەمــە بۆچوونێكی خراپە دەبێت هەوڵبدەین ئەم بۆچوونە نەهێڵین، دەبێت رووبەڕوی ئەو پرســیارەیان بكەینەوە : دەكرێــت ئێمە ئەوان فەرامۆش بكەین و تەنها باوەش بۆ ئەمەریكا بكەینەوە ؟بێگومان ئەمەریكا ئەمرۆ لێرەیە بەیانی لێــرە نییە، بەڵام ئێمە لەم ناوچەیەدا لە بنەڕەتەوە لەگەڵ یەك بووین و ئینشــاڵاّ زیاتریش لەگەڵ یەكتر دەبین و لەیەكتری نزیك دەبینەوە، بەڕای من تێگەیشــتن لەم واقیعە دەیكاتە پێویستی كەدەبێت حكومەتــی توركیا داوەتی حكومەتی نێچیرڤان بارزانی بكات و ئێمەش لێرەوە ســەردانیان بكەین، راستە ئەمە زۆر دوواكەوتووە و دەبوو زوتر ئەم هەنگاوانە هەڵبگیرین، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبیر نەكەین لایەنی دەرونیش هاوكاری ئــەو دواكەوتنە بووە لەلایەن توركیــاوە، بەڵام بە بڕوای من باردۆخەكە گۆرانكاری بەرچاوی بەسەردا دێت لەبەر ئەوەی بەم دواییە لە نێوان دەســەڵاتی مەدەنی و دەسەڵاتی عەسكەری پەیمانێك نوسراوە بەوەی توركیا لەگەڵ بارزانی دەكەوێتە باســی كێشەكەن و ئیتر كاتی ئەوە هاتووە مەسەلەكانی پێشوەختە چاك بكەینەوە.

**• ئێمە بەو جۆرە مەزندەمان دەكرد، كە توركیا پێش ئێران بانگهێشــتی مســعود بارزانی و نێچرڤان بارزانــی بكات بۆ توركیا، بەڵام ئەوە ئێران دووجارە پێش توركیا دەكەوێت، ئایــا بۆچی توركیا هەوڵی نەداوە پێش ئێران بكەوێت؟**

- لێرەدە ئەمە هەڵەیەك بوو، بەڕای من توركیا بڕیاری راســتكردنەوەی ئەم هەڵەیەی داوە و راستیشــی دەكاتــەوە و پێموایە لە نزیكترین كاتتدا بانگێشــی بارزانی بۆ توركیــا دەكات چونكە بەڕێز باباجانیش گووتی كاتی بانگێشی بارزانی لە ڕۆژژمێرەكەمان هەیە و بۆ بەرەوپێشچوونی بارودۆخەكە.

**• ئێمــە وەك هاووڵاتیانــی هەرێمی كوردســتان لە باكــوری عێراق خۆشحاڵین بەوەی كە پەیوەندییەكانی نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان ئاسایی بێتەوە و پێمانوایە بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان توركیا و هەرێمی كوردســتاندایە، بەڵام هەســت ناكەین هاوڵاتیانی توركیا بەو شــێوەیە سەیری ئەم مەسەلەیە بكەن، بۆچی هاووڵاتیانی توركیا هاندەر نین وەك هاوڵاتیانی كوردستان بۆ ئەم مەسەلەیە؟**

- نەخێــر ئەمــە وانییە، چونكە بەشــێكی گــەورەی توركیا حەز بە باشــتركردنی بارودۆخەكە دەكەن هەروەك ئێــوە، چوونكە لە خاكی ئێوە قوتابخانــەی توركی هەیــەو ئەوەتا زانكۆی توركیــش دەكرێتەوە واتە بەشــێكی زۆری میللەتی تورك حەز بە تێكــەڵ بوون لەگەڵ براكانی دەكات، بــەڵام لێرەدا ئێوە دەزانن لە دەوڵەتــە دیمۆكراتییەكاندا بیروڕای جیــاواز و دژبەیەك هەیە، ئێوە گوێ لە دەنگی ئەوان مەگرن گوێ لە دەنگی ئێمە بگرن و هەمیشــە حساب بۆ دەنگی زۆرینە بكەن و ئەویش هەڵبژێرن.

**• لەگــەڵ نزیكبونەوە وادەی هەڵبژاردنەوەی شــارەوانییەكانی توركیا، ئاســایبونەوەی پەیوەندییەكانی نێــوان توركیا و هەرێمی كوردســتان زۆر خزمەتی ســەركەوتن پارتــی AKPدەدات، بە تایبەتی لە ناوچە كوردییەكانی توركیا، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەكانی نێوان هەولێرو ئەنقەرە دەبێتــە هاندەرێك بۆ كوردەكانی توركیا، ئایا پارتی AKP تاچەند ئەم خاڵە لەبەر چاو دەگرێت؟**

- لە هەموو وڵاتێك كاتێــك هەڵبژاردنەكان نزیك دەبنەوە چەندین پلانی سیاســی بڵاو دەبێتەوە و بەداخەوە لەوانەیە كێشــەكانی تر بچنە پلانی داهاتووەوە، بەڵام توركیا ســەبارەت بە پەیوەندییەكانی لەگەڵ كوردەكان كەش وهەوایەكی تازە دەرەخسێنێت و ئێوەش دەبینن، ئینشاڵاّ لە نزیكترین كاتــدا بەڕێز بارزانی بانگهێشــت دەكات و پێموایــە پێش تەواوبوونی هەڵبژاردنــەكان ئــەم مەســەلانە هەمووی كۆتاییان پێ دێت.

**• لەلایەكــی دیكــە پەیوەندییە بازرگانییەكانــی توركیا لەگەڵ هەرێمی كوردستان و ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی كوردستان لە رێگەی توركیاوە مەســەلەیەكی گەورەی دیكەی نێــوان توركیا و هەرێمی كوردستانە،ئەگەر پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو ئاســایی ببنەوە ئەوا بەرژەوەنــدی بازرگانی و ئابوری نێوان و زیاتــر دەبێت، ئایا توركیا تاچەند ئەم بەرژەوەندییە ئابوریانە لەبەر چاو دەگرێت؟**

- ئەمانە هەموو وەك هەڵەیەك بوون و لە پێشــتریش پێم گووتن، بەڵام ئینشــاڵڵا لەمەودوا ئەم توندووتیژیەی نێوانمان دەمرێت و با سەردانی بارزانی بۆ توركیا ببێت بە راســت و دواتریش هەموو ئەم كێشانە زۆر بــە خێرایی دادەخەین لەگەڵ یەكتــر و دەگەین بە خاڵێك هەم ئێمە و هەم ئێوەش رەزامەندیتان لەسەری هەبێت.

*** ئێســتا هەرێمی كوردستان هەنگاو بەرەوپێشــكەوتنی ئابووری و بوونیادنانەوە هەڵدەگرێت، هەربۆیە وڵاتێك بیەوێت خۆی بونیاد بنێتەوە، واتە پێویســتی بە دۆســتایەتی هەیە نەك توندووتیژی، توركیا ئەم واقیعە بەچاوی خۆی دەبینێت، ئایا بۆچی پێشــوازی لە هەوڵەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ناكات؟**

- لێرەدا بێگومان PKK كاریگەری هەیە و ئەگەر سەربازگەو بنكە پۆلیسەكانی توركیا سەلامەت بن ئەوا ئەم مەسەلەیەش سارد دەبێتەوە، لێرەدا دەبینین ڕەوشــەكە بەرەو باشتر هەنگاوی هەڵگرتووە و لەگەڵ باشتر بوونی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوولا ئەوا ئەم لایەنەش چارەسەر دەبێــت و ئیش و كاریش لەگەڵ یەكتری بــەرەو پێش دەچێت، دوای ئەوەی بارودۆخەكەش باشــتر بوو بۆتــان دەردەكەوێت كە كاریگەری PKK لەسەر پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو لا چەند بووە.

**• تۆ دوا راســپاردەت چییە بۆ خوێنەرانــی گۆڤارەكەمان، ئایا ئێمە و ئێوە كە رۆشــنبیرانی هەردوولایەن چــۆن دەتوانین هاریكار بین بۆ ئاشتی و دوورخستنەوەی شەر لە نێوان هەردوولادا؟**

- ئەمە پرسیارێكی زۆر جوانە، چونكە لێرەدا پەیوەندی نێوان خەڵكی لە پەیوەندی نێوان حكومەتەكان زۆر گرنگترە، دەبێت ئەو راستیەمان لەبەر چاوبێت كە هەندێك جار پەیوەندی لە نێوان حكومەتەكان ئاڵۆز دەبێت جاربەجار و توندووتیژی ڕوودەدات و ناتەبا دەبن، دەبێت بزانین لە نێوان حكومەتەكان لێك تێگەیشــتن زۆر زەحمەتترە، بەڵام لە نێوان خەڵكەكان لێك تێگەیشتن زۆر ئاســانە، لێرەدا ئەمە پێویستە بچێتە ڕیزی كاری رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و پێویستە كاروباری تێكەڵاوی و هاتووچۆی نێوان رۆشــنبیرانی هەردوولا زۆر بایەخی پێ بدرێت و زیاد بكرێت . من دەخوازم ئێوە زیاتر ســەردانی توركیا بكــەن و ئێمەش زیاتر بێین بۆ لاتان، ئێســتا ئەم قوتابخانە توركیانە پرۆژەیەكــی زۆر جوانە و خزمەتی برایەتــی و تێكەڵاوی هەردوولا دەكات چونكە خەڵك لە یەكتــر تێدەگەن بەڵام حكومەتەكان زۆر بە زەحمەت لێكتری دەگەن.

●●●

**تێگەیشتن لەم واقیعە دەیكاتە پێویستی كەدەبێت حكومەتی توركیا داوەتی حكومەتی نێچیرڤان بارزانی بكات و ئێمەش لێرەوە سەردانیان بكەین، راستە ئەمە زۆر دوواكەوتووە و دەبوو زوتر ئەم هەنگاوانە هەڵبگرین**

●●●



حوسێن باغچی (نوسەر و ئەکادیمیست) بۆ گوڵان:

# بۆ پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان کاتی ئەوە هاتووە شێوازێکی نوێ بونیادبنرێت

**ئەو کۆبوونەوەی نێوان موراد ئۆزچەلیک و بارزانی کە لە بەغدا ئەنجام درا بووە هۆی خوڵقاندنی کەشێکی ئیجابی لە نێوان تورکیا و باکووری عێراقدا**

**پرۆفیسۆر حوسێن باغچی، ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئەنقەرە و پسپۆر تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و هەروەها کێشە ئیتنییەکانی ناو تورکیاش، باغچی زۆربایەخ بە پەیوەندییە سیاسییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و دراوسێکانی دەدات و لە چەندین کۆنگرەو کۆنفراسی نێودەوڵەتیشدا بە ناوی حکومەتی تورکیاوە قسە دەکات. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان باغچی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

*** چۆن لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دەڕوانیت؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە ئەو پەیوەندیانەیان ئاسایی ببنەوە؟**

- سەرەتا ئەو کۆبوونەوەی نێوان موراد ئۆزچەلیك و بارزانی کە لە بەغدا ئەنجام درا بووە هۆی خوڵقاندنی کەشێکی ئیجابی لە نێوان تورکیا و باکووری عێراقدا، ئێمە دڵنیاین لەمە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم کەشە ئیجابییە تا چ رادەیەك کاریگەری هەیە لە سەر شەڕکردن لە دژی تیرۆریزمی پەکەکە، بە گوزارشتێکی دیکە ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن بارزانی کار و کاردانەوەی دەبێت لە دژی پەکەکە، لەبەر ئەوەی تێڕوانینی رای گشتی تورکیا ئەوەیە کە بارزانی هاوکارییەکی زۆری نەکردووە لە دژایەتیکردنی پەکەکەدا. هەر بۆیە ئەم هەنگاوە زۆر زۆر گرنگە کە وەزیری دەرەوەی تورکیا باباجان پێی دەڵێت « دیبلۆماسییەتی بێدەنگ» کە لەم ساتەوەختەدا زۆر پێویستە.

*** ئایا ئەم کۆبونەوەیە بووە هۆی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان؟**

- ئەمە کۆبوونەوەیە لە رووی سیاسی و دیبلۆماسییەوە گرنگە، دواتر ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا دەسەڵاتدارانی باکووری عێراق

بە شـێوەیەک هاوکاری تورکیا دەکەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکەدا، خاڵی دووەم ئەوەیە کە چۆن دەتوانن سیاسەتێکی هاوبەش لە ئاسـت مامەڵەکردن لە گەڵ کێشەی پەکەکەدا دابڕێـژن. ئەوەی لـە ڕۆژنامەکانی تورکیادا باسـی لێوە دەکرێت ئەوەیە کە تورکیا و بارزانی پێکەوە کاردەکەن ئەمەش پێداویستییەکی مێژوییە لەم ساتەوەختەدا. چیتر هیچ لایەک ناتوانێت لایەکەی دیکە پشتگوێ بخات و ئەمە دیاردەیەکی نوێیە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و باکووری عێراقدا.

*** لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانی تورکیادا باس لەوە دەکرێت کـە تورکیا بە نیازە داوەتی سـەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەنقەرە، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- هەمیشـە لە تورکیادا ئەو ڕەغبەتە بـەدی دەکرێت کە گفتوگـۆ بکرێت و داوەتی بەڕێز نیچیرڤان بارزانی بکرێت بۆ ئەنقەرە بۆ ئەنجامدانی دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لە سەر کێشە و مەسەلە هاوبەشـەکان، نەک تەنیا کێشەی پەکەکە بەڵکو لە سـەر مەسەلە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش کە کاتی ئەوە هاتووە بونیادێکی نوێ بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بنیات بنرێت و شیکردنەوەی من ئەوەیە کە دەبێت هەردوولا لە بـری ڕووبەڕووبوونەوە هاوکاری یەکتر بکەن، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوە شـتێکی پێویست نییە، بگرە هەڵەیەکی گەورەشە.

*** خەڵکی کوردستان پێشوازی لە باشتربوونی پەیوەندییەکانی تورکیـا و هەرێمی کوردسـتان دەکات و پێی وایە ئەمە لە بەرژەوەندی هەردوولادایە، بەڵام ئەم پەرۆشـییە لای ڕای گشتی تورکیا هەست پێناکرێت؟**

- ئەوە ڕاسـتە کە بە شێوەیەکی گشـتی تێڕوانینێک هەیە لای ڕای گشتی تورکیا کە بارزانی دژی بەرژەوەندییەکانی تورکیا کاردەکات، مەرج نییە ئەم تێڕوانینە ڕاست بێت بەڵام بوونی هەیە. بەڵام لەمەودوا پرسیارەکە ئەوەیە هەتاکەی ڕای گشتی تورکیا ئەم تێڕوانینەی لا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر ئەو پێشـبینییە ڕوو لە زیاد بوونە کە بارزانی ئامادەی هاوکاری کردنی تورکیایە و ئەو مەسەلەیەی زۆر باسـی لێوەدەکرێت ئەوەیە کە دیواری بێ متمانەیی نێوان تورکیا و باکووری عێراق ڕوخێنراوە. ئەمە بەرەوپێشچوونێکی نوێیە لە نێوان تورکیـا و باکووری عێراقدا و بە دڵنیاییەوە لە سـاڵی داهاتوودا ئەوە دەوەستێتە سەر ڕەفتاری باکووری عێراق کە چۆن دەتوانێت ئەم تێڕوانینە ڕای گشتی تورکیا کاڵ بکاتەوە. من پێموایە بارزانی سـەرکردەیەکی سیاسی و پیـاوی دەوڵەتە و نەک هـەر تورکیا بەڵکو دەبێت هەموو لایەک دان بەمـەدا بنێن و هەروەها کاتێک دوو هەفتە پێش ئێسـتا لە جنێف گوێم لە لێدوانێکی هۆشیار زێباری بوو ئـەو پەیامەی تێدابوو کە تورکیـا و باکووری عێراق زۆر



پێویسـتیان بە یەکتری هەیە، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەمە ساتەوەختی هاوکاری کردن و کەمکردنەوەی تێڕوانینی خراپە لەسەر یەکتری. ئەگەر تورکیا و باکووری عێراق ئاماژەی هاوکاری کردنی یەکتر بخەنەڕوو ئەوا ئەمە لە بەرژەوەندی هەردوولا دەبێت. هەروەها کاتێک موراد ئۆزچەلیک گەڕایەوە بۆ تورکیا پەیامی ئیجابی پێبـوو کە پێموایە لە مەودای دووردا دەبێتـە هۆی ئەوەی ڕای گشـتی تورکیا دووبارە بـە تێڕوانینەکانی خۆیدا بچێتەوە لە ئاسـت بارزانیدا، کە پێشبینی دەکەم لە داهاتوودا تێڕوانینی ڕای گشتی تورکیا ئیجابی بێت لەسەر باکووری عێراق.

***، ئایا تا چ ڕادەیەک پارتی داد و گەشـەپێدان ئامادەیە ئەم خاڵە لەبەرچاو بگرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، لەبەر ئەوەی بارزانی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە ناوچەکـەدا و ئەگەر هاوکاری حکومەتی تورکیا بکات ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پارتی داد و گەشەپێدان و ڕەنگە ببێتە هۆی سەرکەوتنی ئەم پارتە لە هەڵبژاردنە مەحەلییەکانی دیاربەکردا، بەڵام ئەمە دەوەستێتە سەر ڕەفتاری بارزانی و پارتی داد و گەشەپێدانیش هۆشیارە بەو ڕاسـتییەی کە ڕوبەڕووبونەوەی لە گەڵ بارزانیدا لەم سـاتەوەختەدا دەرئەنجامی پێچەوانـەی لێدەکەوێتەوە. من پێشـبینی ئەوە دەکەم لە شەش مانگی داهاتوودا هاوکاری زیاتـری یەکتری بکەن لە بری ئـەوەی ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، ئەمەش بە زیانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراسی و پەکەکە تەواو دەبێت. بەڵام ئەمە دەوەسـتێتە سەر ئەوەی تا چ ڕادەیەک تورکیا و بارزانی جیددین لە پەیوەندییەکان و لە سیاسەتەکانیاندا، کەواتە لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندییانە

**هەمیشە لە تورکیادا ئەو ڕەغبەتە بەدی دەکرێت کە گفتوگۆ بکرێت و داوەتی بەڕێز نیچیرڤان بارزانی بکرێت بۆ ئەنقەرە بۆ ئەنجامدانی دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لە سەر کێشە و مەسەلە هاوبەشەکان، نەک تەنیا کێشەی پەکەکە بەڵکو لە سەر مەسەلە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش**

دەستیان پێکردووە ئەوا پێگەی پارتی داد و گەشەپێدان لەم هەڵبژاردنانەدا باشتر دەبێت بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو.

***بۆچی تورکیا کەمتر لە دەوڵەتە دراوسێکانی دیکە بایەخ بە بەرەوپێشبردنی ئەم پەیوەندییانە دەدات؟**

- لە راستیدا ناتوانین بڵێین چ وڵاتێك بۆ باکووری عێراق گرنگترە، تورکیا یاخود ئێران، بەڵام دەبێت پەیوەندییەکانی باکووری عێراق لە گەڵ هەر یەکە لە ئێران و تورکیادا هەلومەرجی جیاوازیان هەبێت، لەبەر ئەوەی کێشەکانی تورکیا لەگەڵ باکووری عێراقدا جیاوازن لە کێشەکانی ئێراندا لە گەڵ ئەو ناوچەیەدا.

***. ئێمە دەزانین کە پەیوەندی گەلێکی ئابووری زۆر هەیە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا و یەکێك لە مەسەلە گرنگەکانیش لە داهاتوودا ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانە لە رێی تورکیاوە، ئەمەش خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوولا دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند تورکیا بەرەوپێشبردنی ئەو پەیوەندییانەی بە هەند هەڵگرتووە؟**

- حاڵی حازر یەکێك لە هێڵە ئاسمانییەکانی تورکیا گەشتی ئاسمانی بۆ هەولێر ئەنجام دەدات و کۆمپانیاکانی تورکیا سەرقاڵی بونیاتنانەوەی ژێرخانی باکووری عێراقن و پێشبینی زیاتربوونی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەش دەکەم. راستە تورکیا پێویستی بە پەرەپێدان و باشترکردنی ئەم پەیوەندییانە هەیە، پێویستی بە دراوی قورس و نەوت هەیە، لە بەرامبەردا باکووری عێراقیش پێویستی بە کاڵاکانی تورکیا و بە کۆمپانیاکانی تورکیا هەیە بۆ بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئەو ناوچەیە، بەڵام بە تێڕوانینی من مەسەلەکە پتر دەوەستێتە سەر باکووری عێراق، بە واتایەکی دیکە ئەگەر باکووری عێراق هەنگاوێ بێتە پێشەوەی بۆ پەرەپێدان و پیشاندانی خواست و پەرۆشی بۆ باشترکردنی ئەم پەیوەندییانە ئەوا تورکیا بە لای کەمەوە دوو هەنگاو دێتە پێشەوە. لەبەر ئەوە من زۆر گەشبینم بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە ئابوورییەکان.

*** هەرێمی کوردستان خوازیاری ئەوەیە کە بەرەوپێشچوونی ئابووری بەدەست بهێنێت و ئەمەش پێویستی بە پەیوەندی دۆستانە هەیە لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا و تورکیاش ئەم راستییە دەزانێت، بەڵام بۆچی پێشوازی لەم هەوڵانەی هەرێمی کوردستان ناکات؟**

- سەرەتا تورکیا پەیوەندی لە گەڵ حکومەتی عێراقیدا هەیە و هێشتا هەرێمی کوردستان نەبۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، راستە گەشەسەندن و دەرفەتگەلێکی زۆر هەیە لە ئاییندەدا، بەڵام هێشتا بەغدا سەنتەری پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکانە بۆ تورکیا. لە ماوەی ١٠ بۆ ٢٠ ساڵی رابردوودا دەتوانرا بارزانی پشت گوێ بخرێت، بەڵام ئێستا وەك گەمەکارێکی سیاسی و ئابووری گرنگ دەرکەوتووە، ئەمە گۆڕانە گەورەکەیە و تورکیا ناتوانێت پشتگوێی بخات، دە ساڵ پێش ئێستا دەیتوانی فەرامۆشی بکات، بەڵام لە ئێستادا ناتوانێت ئەم کارە بکات.

**هێشتا بەغدا سەنتەری پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکانە بۆ تورکیا. لە ماوەی ١٠ بۆ ٢٠ ساڵی رابردوودا دەتوانرا بارزانی پشت گوێ بخرێت، بەڵام ئێستا وەک گەمەکارێکی سیاسی و ئابووری گرنگ دەرکەوتووە، ئەمە گۆڕانە گەورەکەیە و تورکیا ناتوانێت پشتگوێی بخات، دە ساڵ پێش ئێستا دەیتوانی فەرامۆشی بکات، بەڵام لە ئێستادا ناتوانێت ئەم کارە بکات**

*** چ راسپاردەیەکت هەیە بۆ خەڵکی کوردستان و تورکیا بۆ ئەوەی یارمەتیدەربن لە پشتیوانیکردن لە ئاشتی و کۆتایی هێنان بە توندوتیژی؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، لە راستیدا کێشەی پەکەکە بۆتە هۆکارێکی تێکدەر لە پەیوەندیەکانی تورکیا و باکووری عێراقدا و ئەگەر ئەم کێشەیە کۆتایی پێ بهێنرێت ئەوا ئەم پەیوەندییانە بە رەوتێکی زۆر خێرا بەرەوپێش دەچن. کێشەیەك هەیە لە نێوان تورکیا و باکووری عێراقدا ئەویش پەکەکەیە، سەردانەکەی بەرێز ئۆزچەلیك و ئامادەی تورکیا بۆ پێشوازیکردن لە نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوەی سەردانی ئەنقەرە بکات و راستەوخۆ گفتوگۆ بکەن، ئەمانە بەرەوپێشچوونی باشن، هەندێ جار دەبێت هەنگاوی بچووك هەڵبگیرێت و هەندێ جار هەنگاوی گەورە، قبوڵکردنی ئەم سەردانەش بە هەنگاوێکی گەورە دادەنرێت.

